گۆڤارا ئەکادیمی یا زانکویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١٢ ژ.٣، ٢٠٢٣
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة
المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0.
e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v12n3a1204

# وێنەی کۆمەڵایەتیی ژن لە ڕۆمانی ژنانەی کوردی کرمانجیی خواروودا

پ. ی. د. جەلال ئەنوەر سەعید - زانکۆی سەڵاحەدین - کۆلێژی پەروەردەی مەخمور پەروەردە – بەشی زمانی کوردی

خوێندکاری ماستەر - ساکار ئەکرەم ساڵح

**پوختە**

گومانی تێدا نییە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتییش لە دوو کەس پێکدێت، کە دەشڵێین دوو کەس، واتە دوو کەس لە دوو هەردوو ڕەگەزی بەرانبەر، چونکە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت هەتا هەتا بە تەنیا بژی و کۆمەڵی مرۆیی دروستبکات. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی لەم دۆخەدا نە کار لە کەس دەکات و نە خۆیشی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کەسانی دیکەوە، لەم دۆخەشدا هیچ پەرەسەندنێکی ئەوتۆ لە ژیان و دنیابینی مرۆڤدا دروست نابێت. بەڵام لە ژیانی کۆمەڵدا، بە تایبەتییش ئەگەر تیایدا بیر و بۆچوونی جیاواز قبوڵ بکرێت، ئەوا هەمیشە ڕەوڕەوەی ژیان لە پێشکەوتن و پەرەسەندندا دەبێت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش پەرەسەندن و ئاڵۆزیی بەخۆیانەوە دەبینن. دواتر کارلێك و تێکەڵاوبوونی کۆمەڵە مرۆییە جیاوازەکانیش لەگەڵ یەکتردا ئەوەندەی تر پەیوەندییەکان ئاڵۆزتر دەکەن و زیاتر ژیانی مرۆیی پەرە دەسێنێت. هەموو ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەش مەحکووم دەبن بە کۆمەڵێك هۆکاری وەکو داب و نەریت و ئاین و ئاستی ڕۆشنبیریی و ئابووریی. ژنیش وەکو پێهاتەیەکی سەرەکیی کۆمەڵی مرۆیی لانی کەم دەکەوێتە ژێر نیوەی ئەو کاریگەریی و گۆڕانکارییانە و بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتیی ئامادەیی هەبووە. ژنی کوردییش، بە درێژایی مێژووی کورد پشکی شێری بەرکەوتووە لەو کاریگەرییە ناوەکیی و دەرەکییانەی کە کۆمەڵگەی کوردی کەوتووەتە ژێرییەوە و مەحکووم بووە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. لەبەر ئەو هۆکارە گرنگە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات کە وێنەی کۆمەڵایەتی ژن بە تایبەتیش لە ڕۆمانی ژنانی کورد دەستنیشان بکات و هۆکار و ئەنجامەکانی شیبکاتەوە. بۆچی ڕۆمانی ژنانە؟ چونکە ڕۆمانی ژنانە وەکو بوارێکی بزاڤی ژنان (فیمنیزم)، دەنگی ڕاستەقینەی خودی ژنانە بۆ دەستنیشانکردنی کێشەکانی ژنان و بەرگریکردن لە مافەکانی خۆیان. لەم ڕووەوە ڕۆمانی ژنانی کوردیش ئەگەرچی تەمەنێکی کەمی هەیە، بەڵام چەندین دەنگ و قەڵەمی بوێرمان هەن کە شێلگیرانە هاتوونەتە مەیدان و کتێبخانەی کوردییان تا ڕادەیەکی باش بە ڕۆمانەکانیان ئاوەدان کردووەتەوە.

**وشە کلیلەکان:** وێنە، ژن، بزاڤی ژنان، ئەدەبی ژنان، ڕۆمانی ژنان

## پێشەکی

لە پێناسەی ئەدەبدا مەکسیم گۆرکی پێیوایە کە ئەدەب زانستی ناسینی مرۆڤە. واتە هەموو ئەوەی کە کۆمەڵناسیی و مرۆڤناسیی لەبارەی مرۆڤ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانییەوە پێشکەشیدەکات، دەکرێت دەقی ئەدەبیی بیکات، بە تایبەتییش ڕۆمان کە بەرهەمی شار و قۆناغی بۆرژوازییە، ئەمەش پەیوەندی بەهێزی نێوان ئەدەب و کۆمەڵناسیی پیشاندەدات و لەگەڵ ئەو بۆچوونە دێرینەدا یەك دەگرێتەوە کە ئەدەب ئاوێنەی کۆمەڵە.

لەم سۆنگەیەوە هەوڵدەدەین لەم توێژینەوەیەدا وێنەی کۆمەڵایەتیی ژن لە ڕۆمانی ژنانەی کورددا بخەینە بەر باس و پێگە و بارودۆخی ژنی کورد بخەینەڕوو و شیبکەینەوە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە وێرای ئەو توێژینەوانەی پێشتر کە لە دوو توێی باسەکەدا ئاماژەمان پێکردووە و بە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی کاریان کردووە، بەڵام هیچیان ئاوڕیان لە وێنەی ژن لە ڕۆمانی ژنان نەداوەتەوە.

ناونیشانی توێژینەوەکە ئەوەی خواستووە کە بە پێی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی توێژینەوەکەمان ئەنجامبدەین.

توێژینەوەکەمان لە دوو تەوەر پێکدێت؛ لە تەوەری یەکەمدا بە تیۆریی باسمان لە زاراوە و چەمکی هەر یەك لە (وێنە و ئەدەبی ژنان) کردووە، هەروەها گرفتی زاراوەی ئەدەبی ژنانمان خستووەتەڕوو. سەرباری مێژووی ڕۆمانی ژنانی کورد و باسێکیشمان لەبارەی میتۆدی کۆمەڵایەتیی خستووەتەڕوو.

لە تەوەری دووەمیشدا، هەوڵماندواە کە وێنەی کۆمەڵایەتیی ژنی کورد لەناو سنووری خێزان و لە دەرەوەی سنووری خێزان، لە چەند ڕۆمانێکی چەندین ژنی کورد دەستنیشان بکەین و شیبانبکەینەوە.

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان خستووەتەڕوو کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پەختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**تەوەری یەکەم**

**یەکەم/ وێنە لە رووی زاراوە و چەمکەوە**

**1. زاراوەی وێنە**

سـەبارەت بە زاراوەی وێنە، کۆمەڵێك زاراوەی وەکو (image)، (figure)، (Fancy) لە رەخنە و ئەدەبی ئەوروپیدا بەرچاو دەکەون. (image) لە بنەڕەتدا، وشەیەکی لاتینییە و واتای وێنەی کەسێ یان شتێ دەگەیەنێت کە نیگاری کێشراوە، وێنەی فۆتۆگرافییش دەگەیەنێ، هەروەها بە واتای وێنەی زەینی، کەسێک یان شتێک دێت. کەواتە مەبەست لەم وشەیە (image) ئەو وێنانەیە، کە لە رێگەی ئەندێشەوە دەخرێنە بەر زەین. هەرچی وشەی (figure)ە، بەو وێنانە دەگوترێت کە زیاتر روخساری مرۆڤێک یان کەسێکی تر لە رێگای وێنەکێشان یان پەیکەرتاشییەوە پیشاندەدرێن، ئەم زاراوەیە بەرامبەر بە (خواستن و خوازە و لێکچواندن )یش بەکارهاتووە، کە بۆ خۆیان بنەمای پێکهێنانی وێنەن لە دەقی ئەدەبییدا. زاراوەی (Fancy)یش، کە وشەیەکی ئینگلیزییە و لە وشەی (Phantasia)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، (Phantasia)ش هاوواتای (imagination)ی لاتینییە، بەم پێیە (imagination) و (Fancy) لە گەڵ رووەوە بوونەتە هاوواتای یەک پڕۆسەی وەرگرتنی وێنەو و لە هەمان کاتدا توانای پێکهێنانی وێنە دەگەیەنن (مەولود، ٢٠٠٧، ٥). ئەم ناساندنە وەک زاراوە، تا رادەیەك تایبەتە بە شیکردنەوە شرۆڤەکردن، چونکە لە چەندین توێژینەوەی دیکەدا بە شێوەیەکی بەربڵاوباسکراوە و رونکراوەتەوە، کەوا هەر زمانێک بە شێوازی خۆی ناساندوویەتی و زاراوەی تایبەتی بۆ داناوە، لە راستیدا ناساندنێکی سادەیە کە گوزارشت لە وێنەی وشە و مرۆڤ و هونەری دەستیی مرۆڤ و تا دەگاتە ئاستی جوانکاری و رەوانبێژی و دەقی ئەدەبی.

لە زمانی عەرەبییشدا، زاراوەی (صورة) بەرانبەر بە زاراوەی (وێنە) دێت. لە (لسان العرب)دا (ابن منظور) لە بابەتی (ص، و، ر)دا، ئاماژە بە وشەی (المصور) دەکات وەکو یەکێك لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە کە بە واتای ئەو کەسە دێت کە وێنەی هەموو شتێکی کێشاوە و رێکیخستوون، هەر شتێکیش وێنە و شێوەیەکی تایبەت بەخۆی پێداوە و لەوانی دیکەی جیاکردووەتەوە. هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە وێنە (صورة) زیاتر لە روخساردایە و کۆیەکەشی (صور)ە. وێناکردنیش بەرانبەر بە (تصور)ە. **کەواتە** "مەبەست لە وێنە روخسار، یان شێوەی پەیکەرەی یان تایبەتمەندیی مرۆڤە" (ابن منظور، 2008، 303 - 304). هەرچی وێناکردنە (تصور)، "بریتییە لە تێپەڕینی بیرۆکە بەو وێنە سروشتییەی کە پێشتر بینیویەتی و پێی هەڵچووە و لە خەیاڵدانی خۆیدا هەڵیگرتووە و پێیدا گوزەردەکات" (بشيري و ديقش، 2018، 6).

لە فەرهەنگی زاراوە زمانی و ئەدەبییەکاندا (قاموس المصطلحات اللغوية والادبية)دا هاتووە کە وێنە (image) بریتییە لە خەیاڵکردنی شت و لە زەین و عەقڵدا، وێنەی شتیش، چییەتی رووتە (ئەبستراکت). هەر لە هەمان فەرهەنگدا هاتووە کە وێنە بریتییە لەو نیگارەی کە وشەکانی زمان چ شیعر یان پەخشان لە زەینی وەرگردا دەیکێشن، وەکو سیمای بیرۆکە و شت و دیمەن و هەست و ئەندێشەکان، ئەمەش یان بیرۆکەیەکی گوازراوەی راپۆرت ئاسایە، یانیش بە شێوەیەکی هونەریی ستاتیکی وەها دارێژراوەتەوە کە گوزارشت لە واقیع بکات و بە رێگای کۆمەڵێك نیگار و تابلۆی هاوشێوە کە لە رێگای دارێژراوی شێوەکاریی و تەکنیکیی شێوازگەریی و زمانیی جیاوازەوە، ئاماژەی بۆ بکات (دقعة، ٢٠١٥، ١١). لێرەوە وێنە بریتییە لە پەیکەری نێوان وەسفی شتێک و راستییەکەی. وێنە پڕە لە پرسیارو تەواوکەری دەقی ڕەسەنە، چونکە دەق کاتێک وێنەدروست دەکات، زۆر بەپێزتردەبێت، بنەماکانی بەهێزی ولاوازی دەق دەردەخات، لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی نوسەر دەردەخات، گوزارشت لە کارەکتەر، رووداو، کات و شوێن، دەکات، واتە کاریگەری بە سەرتەواوی بنەماکانی دەقەوە هەیە.

وشەی وێنە لە زمانی کوردیدا وەك لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا هاتووە، لە بنەڕەتدا بە واتای (چەشن، وەکو) دێت (هەژار، ١٣٨٤، ٩٣٣) کە تا ئێستاش لە ئاخاوتنی رۆژانەدا بەکاردێت، واتە وەکو ئامرازێکی لێکچواندن بەکاردێت. دواتر واتای (Image)ی لاتینیی و (صورة)ی عەرەبی وەرگرتووە. وەکو زاراوەیەکی ئەدەبییش لە فەرهەنگە ئەدەبییەکاندا تیشکی خراوەتە سەر. لە کتێبی (فەرهەنگی ئەدەبی)دا، موحسین ئەحمەد عومەر ئاماژە بەو گەشەسەندنە دەکات کە لە زمانە ئەوروپیی و رۆژهەڵاتییەکاندا بەسەر وشەی وێندا هاتووە، هەروەها وشەی (وێنە) لە وشەی (فۆتۆ – Photo) جیادەکاتەوە هەرچەندە سەرەتا وشەی (Image)یش بە واتای فۆتۆ بەکارهاتووە (عومەر، ٢٠١٢، ٣٠٤). لە کتێبی (فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان)یشدا، وشەی وێنە لە هەردوو ئاستی ماددی و خەیاڵییدا خراوەتەڕوو. ئەو پەیکەرەی پەیکەرتاشێك هەڵیدەکۆڵێت، یان ئەو وێنەیەی کە شێوەکارێك لە تابلۆیەکدا دەیکێشێت، ئاستی ماددی بەرجەستە دەکەن و بە چاو دەبینرێن و خەیاڵی مرۆڤ دەوروژێنن. هەرچی وێنەی خەیاڵییە، ئەوا لە ئەدیب لە خەیاڵی خۆیدا بە وشە دەریاندەبڕێت، واتە دروستکەری وێنەکە خەیاڵێکی رووتە. کەواتە لە هەردوو ئاستی ماددی و خەیاڵیدا، خەیاڵ ئامادەیە و هەست و سۆزی وەرگر دەورووژێنێت (ئەسوەد، ٢٠١٥، ٤٠٦).

واتە خەیاڵ (ئەندێشە) وەکو رەگەزێکی ئەدەب، ئارامکەرەوەیەکی گرنگی هزر و رۆحی خوێنەرە، نیشانەی زیرەکیی و لێهاتوویی نووسەریشە، بۆیە لە ئەدەبدا بە شێوەیەکی فراوان وێناکراوە.

**2. چەمکی وێنە**

لە راستیدا وێنە کاتێک تێکەڵی زانستەکانی تر دەبێت، بە تایبەتی فەلسەفە ماناکەی دەگۆڕێت، چونکە فەلسەفە بوارێکی تا رادەیەك قورسە، ئەستەمە بە تێکەڵبوونی لەگەڵ وێنەدا، پاراویی و ناسکیی بە وێنە بدات، بۆیە وێنە لەگەڵ

هەر زانستێکدا واتایەکی تایبەت بەو زانستە دەدات، لەبەرئەوە ئەستەمە پێناسەکی جێگیر بۆ وێنە دەستنیشانبکەین، چونکە هەر بوارێکی زانستیی لە روانگەی خۆیەوە لە وێنە دەڕوانێت. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە لە هەردوو لایەنی تیۆریی و پراکتیکییەوە گرنگییەکی زۆر بە زاراوەی وێنە بدرێت بە تایبەتی لە توێژینەوە رەخنەییە هاوچەرخەکاندا. ئەگەر لە بواری ئەدەب و رەخنەدا لە زاراوەی وێنە بڕوانین، دەبینین کە لە شیعردا یەک مانا نابەخشێت، بەڵکو بەردەوام واتاکەی لە گۆڕاندایە (علمیات، ٢٠٠٧، ٢٣٨).

لەبەرئەوە کارێکی سەخت و قورسە ئەگەر بمانەوێ بە وردیی و بە روونیی چەمکی وێنە دەستنیشانبکەین، ئەمەش لەبەرئەوەی چووەتە ناو زۆر بواری جیاوازەوە و چەندین واتای لەخۆگرتووە، چونکە وێنە چیتر تەنیا ئارایش و رازاندنەوەیەکی رەوانبێژیی نییە، بەڵکو ئامراز و کەرەستەیەکی پەیوەندی و گەیاندنی مرۆییە کە لە ژیانی رۆژانەی خۆماندا سوودی لێ دەبینین، هەروەها لە بیرکردنەوە و نووسین و خەون و تەنانەت لە مۆتەکە و مێردەزمەکانیشماندا بەکاریدەهێنین (الحمداوي، ٢٠١٤، ٣٢). بۆیە دەبینین لە رەخنەی کۆندا وێنە و وێنەسازییە کە بە بنەما و ستوونی شیعر دادەنرێت نەك واتا کە هەموو خەڵك دیزانن، لەم بارەیەوە رەخنەگری عەرەبی (جاحظ 159 – 255ك) دەڵێت :"واتاکان لەسەر رێگا کەوتوون عەجەم (لە زمانی عەرەبی عەجەم واتە هەر کەسێك کە عەرەب نەبێت) و عەرەب و دەوارنشین و لادێیەکیش دەیزانن، بەڵام بەرزیی لە کێش و (...) چاکیی شێوازە، ئاخر شیعر سەنعەتە و جۆرێکە لە چنین و وێنەکێشان" (دقعة، 2015، 11 - 12). وەك دەبینین کە جاحظ لە پاڵ کۆمەڵێك رەگەزی گرنگی شیعردا، وێنە بە مەرجێکی گرنگی شیعر دادەنێت.

(عبدالقاهر الجرجاني 400 – 471هـ)یش لە روانگەی بۆچوونەکانی جاحزەوە ئاماژە بە گرنگیی وێنە دەکات و پێیوایە کە شیعر لەسەر وێنە و وێنەسازیی بنیاتدەنرێت و چونکە وێنە لە بەها و پێگەی شیعر بەرزدەکاتەوە. لەبارەی پێناسەی وێنەوە جورجانی دەڵێت :"دەزانم کە دەڵێین وێنە واتە نواندنی پێوانەیەکە کە بە ئاوەز (عەقڵ)مان دەیزانین و بە چاوەکانیشمان دەیبینین" (دقعة، 2015، 15). کەواتە بەلای جورجانییەوە وێنە رێگایەکی تایبەتیە لە رێگاکانی دەربڕین و بەهای خۆشی لە سیاقی شیعرەکەدا بەدەستدێنێت.

بێگومان بابەتی وێنە بەلای رەخنەگران رۆژئاواشەوە بایەخی پێدراوە. لە سادەترین واتاکانیدا، وێنە بەلای (سی دی لویس)ەوە نیگارێکە بە وشە کێشراوە، دەکرێت وەسف و خوازە وێنە دروستبکەن، وێنەش لە رێگای دەستەواژەیەك یان رستەیەکەوە پێشکەشمان بکرێت کە وەسفێکی رووت نەتوانێت ئەو کارە بکات. هەرچی (پۆل ریفردی)یە، پێیوایە کە وێنە داهێنانێکی تەواو زەینییە و بەرەنجامی بەراوردکرن نییە، بەڵکو لە ئەنجامی کۆکردنەوە نێوان دوو راستیی واقیعییە کە لە لایەنی دوورییەوە کەم تا زۆر جیاوازن. واتە بە بڕوای ریفردی وێنە بە یارمەتی شتێکی ترەوە پێکدێت و بەرهەمدێت. (س. ت. کۆلریدج)یش کە شاعیرێکی رۆمانسییە، وێنە بە پێوەرێك بۆ سۆز و بیرۆکە و تەنانەت بۆ بلیمەتیی شیعرییش دادەنێت. (کروش، ٢٠١١، ٦).

## دووەم : ئەدەبی ژن (زاراوە، چەمک، گرفتی چەمکەکە)

### 1. لە رووی زاراوەوە

ئەدەبی ژن وەکو داهێنانێکی مرۆیی و لایەنێکی مەعریفی دەکەوێتە ناو چوارچێوەی لایەنێکی لەخۆی فراوانتر کە ئەویش فێمینیزمە، واتە پەیوەندی بەو هەوڵەوە هەیە کە ژنان دەیدەن بۆ سەلماندنی خودی خۆیان و دەرخستن و پیشاندانی ناسنامەی ژنێتی خۆیان. ئەمەش وامان لێ دەکات کە سەرەتا هەوڵبدەین بزانین فێمینیزم چییە؟

فێمینیزم (feminism) لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە بە (feminia) کە مانای ژن (women) دەگەیەنێت، بەکارهاتووە. دواتر لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (feminine) بەکارهاتووە، لە فەرەنسیشدا (feminine) و (feminism) بەکارهاتووە (صالح، ٢٠١٩، ٢٠ -٢١). لە لایەکی دیکەشەوە وشەی (فیمەیڵ - female)یش کە جیاکردنەوەیەکی جەندەرییە واتای (مێ) دەگەیەنێت. کەواتە دەکرێت لە بنەمادا وشەی فێمینیزم لە وشەی (فیمەیلیزم - femalism)ەوە هاتبێت، چونکە هەموو وشەکان هەر واتای کۆبوونەوە لە دەوری (مێ) لەخۆ دەگرن، کە بریتییە لە بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان و رزگارکردنیان لە چەوسانەوە. (سالح، ٢٠١٩، ٢٢).

سەرەتا وشەی فێمینیزم لە زمانی فەرەنسیدا، لە بابەتێکی پزیشکییدا سەبارەت بە گەشەی ئەندامەکانی لەش و تایبەتمەندیی رەگەزیی نەخۆشەکان بەکارهاتووە. بە تایبەتیش ئەو پیاوانەی کە هەندێك خەسڵەت و تایبەتمەندیی ژنانەیان وەرگرتووە وەکو (نێرەمووك). دواتر نووسەری ناوداری فەرەنسیی (ئەلکساندەر دوما) ئەم وشەیەی لە نامیلکەیەك بە ناوی (Transsexual) هەر بەهەمان واتای پێشوو بەکارهێناوە بەڵام زیاتر جەختی لەسەر ژن کردووەتەوە، واتە ئەو ژنانەی کە تا رادەیەك هەڵسوکەوت و رەفتاری پیاوانەیان هەیە (صالح، ٢٠١٩، ٢١). واتە سەرەتا وشەی فێمینیزم بە گشتی بۆ ئەو گۆڕانکارییانە بەکارهاتووە کە بەسەر جەستەی مرۆڤدا هاتووە چ ژن بێت یان پیاو.

بەڵام وەکو زاراوەیەك بە واتای بزووتنەوەی ژنانە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، ئەویش کاتێك بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٩٥ وشەی (فێمینیست) لە لێکۆڵینەوەی کتێبێکدا لە گۆڤاری (ئاتینیوم)دا بۆ پێناسەکردنی ژنێک بەکارهاتووە کە توانای شەڕکردنی بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی هەیە (وۆڵف، ٢٠١٢، ١١). بەڵام ئەم بەکارهێنانە هەروا لەخۆوە نەبووە، بەڵکو زەمینەیەکی سەد ساڵەی هەبووە کە بە بڕوای توێژەران لە رووی مێژووییەوە سەلمێنراوە کە ساڵانی نێوان (١٧٩٠ – ١٨٩٠) سەرەتاکانی دەرکەوتنی فێمینیزم وەکو بزووتنەوە دەرکەوتووە. چونکە لەم ماوەیەدا فیکری رۆشنبیری گەشەی سەندووە. سەرباری ئەوەی کە هەردوو شۆڕشی فەرەنسیی و ئەمریکیی کۆمەڵێك کێشە و بابەتیان ورووژاند کە پەیوەندییان بە مافەکانی ئافرەتەوە هەبوو (المساعد، ٢٠٠٦، ٤ – ٥)، تاکو لە ساڵی ١٨٩٥ خەباتی ژنانی ئەورووپیی و ئەمریکیی بۆ وەدەستهێنانی مافی دەنگدان و غیرەت و پرکێشی ژنانی چالاک لەم

خەباتەدا گەیشت بە لوتکە، چونکە بە هیچ شێوەیەك و تۆزقاڵێكیش لە مانگرتن و قایمکردنیان لە کونجی زینداندا سـڵیان نەدەکردەوە و ترس و بیمێکی زۆریان خستبووە دڵی خەڵکی ڕەشۆکەوە. بەم شێوەیە وشەی فێمێنست لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە لەناو فەرهەنگدا، بزووتنەوەیەکی زیدەڕۆ، دژە نەریت و ئاژاوەگێڕ کەوتە بەر زەینی خەڵك و لە ئەنجامیشدا ئەو ژنانەی بەم بزوتنەوەیە و وشەیەوە دەناسران، دەسـتبەجێ دەکەوتنە ناو کەمایەتییەکی شـەرمەزارکراوەوە (وۆلف، ٢٠١٢، ١١ - ١٢). واتە، فێمینیزم (Feminism) سەرەتا وەکو ناوناوتۆرەیەکی خراپ لە لایەن ئەو هێز و کەسـانەوە کە دژ بە ژنان و مافەکانیان، بەکارهاتووە بۆ ئەوەی لە ئەرک و کاری پڕ واتای چەمکەکە کەم بکرێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا فێمینیزم، واتە ژنناسی؛ واتە ئەو میکانیزم و فاکتەرەیە کە بە شـێوەیەکی زانسـتی خەبات دەکات بە ئامانجی بەرامبەری یەکسـانی مافەکانی ژن (صـالح، ٢٠١٩، ٢٠-٢١). ئەمەش نیشـانەی چالاکیی و کاریگەریی بزووتنەوەکەیە لەناو خەڵکیدا، چونکە بووەتە مەترسیی بۆ سەر ئەو هێز و خاوەن ئەو ئایدیا کۆنەپەرستانەیە کە خۆیان لە بنەڕەتتدا واتا و ئەرك و پەیامی وشەکە و بزووتنەوەکەیان دەزانی.

**2. لە رووی چەمكەوە**

سـالی ١٩٤٩ لە کتێبی (ڕەگەزەکەی تر – الجنس الاخر)دا، سـیمۆن دی بوفوار، بە شـێوەیەکی زۆر ورد و روون لە هەمان کاتدا کاریگەر، پەنجە لەسـەر کێشـە بنەڕەتییەکانی فێمینیزمدا دادەنێت، لە قسـەکانی بوفواردا دەردەکەوێت کە ژن خۆی خەتابار و کەمتەرخەمە بەرانبەر بە خۆی جا بە ویست یان بێ ویستی خۆی، بە ئاگا یان بە بێ ئاگا بێت، بوفوار دەڵێت؛ ژن کاتێك دەیەوێت پێناسەی خۆی بکات، پێش هەموو شـتێك دەڵێت :"**من ژنم**"، بەڵام هیچ کات و هیچ پیاوێك ئاوا ناڵێت (سلدن، ١٩٩٦، ١٨٩). هەڵبەت ئەگەر واش بڵێت ئەوا بە دڵنیاییەوە دەربڕینی **من پیاوم**" لە دەربڕینی **من ژنم**"، جیاوازە، چونکە پیاو لێرەدا تەنیا وەکو ڕەگەزێکی مرۆیی خۆی ناناسێنێت بەڵکو وشەی (پیاو) لێرە بە واتای جوامێرییش بەکاردێت، تەنانەت ژنانیش زۆرجار کە باس لە جوامێریی و بەتوانایی خۆیان دەکەن هەر خۆیان بە پیاو دادەنێن. دیارە ئەمەش بۆ نەبوون و نائامادەیی هاوشێوەیی و یەکسانیی نێوان هەردوو زاراوەی (نێر) و (مێ) دەگەڕێتەوە. ئەوە پیاوە (مرۆڤ) دەنوێنێت نەك ژن. ئەم لایەنگیریکردنە لە پیاو و فەرامۆشـکردن و پەراوێزخستنەی ژن دەگەڕێتەوە بۆ (سەردەمی کۆن – العهد القدیم). بە هۆی پەرش و بڵاوییان لەنێوان پیاواندا، ژنان نەبوونە بە خاوەنی مێژوویەکی سـەربەخۆ و سـەروەرییەکی سروشـتیی تایبەت بە خۆیان، هەمیشـە پیاو (یەك) بووە و ژن (ئەوی تر) بووە (سلدن، ١٩٩٦، ١٨٩). بەم شێوەیە فێمینیزم تیشـك دەخاتە سـەر ئەو بیروبۆچوونەی کە پێیوایە پێگەی ژن لە پێگەی پیـاو کەمترە بە تایبەتییش لەو کۆمەڵگـایانەی کە ژن و پیـاو دەخەنە ناو چوارچێوەی چەنـد پۆلێنێکی ئابووریی جیاوازەوە (طیب، 2014، 6).

کەواتە، پرسیاری سەرەکیی ئەوەیە کە فێمینیزم چییە؟

(سـارە چامبڵ) وەڵامی ئەم پرسـیارە دەداتەوە و دەڵێت :"فێمینیزم؛ واتە ئەو بیروباوەڕە کە پێیوایە ژن بە یەکسـانیی ڕەفتاری لەگەڵ ناکرێت - لەبەر هیچ نا تەنیا لەبەر ئەوەی کە ژنە – لەو کۆمەڵگایەی کە کاروبار و کارە یەکەمەکانی خۆی بە پێی دنیابینیی پیاو ڕێکدەخات و دیاریدەکات" (چامبڵ، ٢٠٠٢، ١٣). واتە ژن لێرەدا هەر شـتێك بێت و لە هەر ئاسـتێکدا بێت هەر پاشـکۆی پیاوە و کارەکتەرێکی نەرێنییە، بۆیە هەرگیز بە یەکسانیی شان بە شانی پیاوان ڕۆڵێکی کارا ناگێڕن لە بوارە جیـاوازەکانی ژیانـدا. لێرەوە فێمینیزم وەکو بزووتنەوەیەك کار بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە ناهەموارەی ژنان دەکات کە لە ئەنجـامی نایەکسـانییەوە دروستبووە و هەوڵدەدات چیتر ژنانیش ببن بە کارەکتەرێکی ئەرێنیی و شوێن و پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگـا بەدەسـتبهێنن کە پیـاوان هەژموونی خۆیاندا تێدا سەپاندووە (چامبڵ، ٢٠٠٢، ١٤).

لە باسـکردنی لەبارەی فێمینزمەوە، (تۆریل موا) سـێ چەمك دەخاتەڕوو کە پەیوەندی ریشـەییان پێکەوە هەیە، ئەوانیش هەڵوێسـتی سـیاسی، ژنێتی (femaleness) وەک بابەتێکی بیۆلۆجیـک و ژنایەتی (femininity) وەک کۆمەڵێک تایبەتمەندی پێناسـەکراوی کولتووری (ئەحمەد زادە، ٢٠١٢، ٣٦٦). (ئیلەین شـوالتر)یش ڕەوتی وشیاری ژنان بە سـەر سێ قۆناغدا دابەشـدەکات : یەکەمیان قۆناغی مێینە (الانثی)یە کە بریتیە لە لاسایکردنەوەی شێوە ئەدەبییە باوەکان و نەریتە ئەدەبییە زاڵەکان، قۆناغی دووەمیش، قۆناغی فێمینیسـتییە کە بریتییە لە دەربڕینی ناڕەزایی دژی ئەو پێوەر و بەهـایانە. دوا قۆناغیش قۆناغی مێینایەتییە (الانثویة)یە کە بریتییە لە دۆزینەوە و ناسینی خود (کانش، ٢٠١٦، ٢٥).

یەکێك لە ڕێگە و شـێوازەکانی خەبات و تێکۆشـانی فێمینیسـتەکان بۆ گوزارشـتکردن لە ئێش و ئازارەکانی ژنان و بەدەسـتهێنانی مافەکانیان، نوسـینی ژنانە یان ئەدەبی ژنانەیە. زاراوەی یان دەستەواژەی نووسینی ژنانە ( Ecriture Feminine) یەکەم جار لە لایەن (هێلین سیکسوس – Helene Cixous)وە لە زمای فەرەنسیی بەکارهاتووە. سیکسوس ساڵی ١٩٧٥ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە ژنان خودی خۆیان بنووسنەوە. ئەم داوایەی سیکسوس هەرچەنـدە درەنـگ وەختە، چونکە ژنان هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە بە بێ ئەوەی کەس داوایان لێ بکات، ئەو کارەیان کردووە. چۆن؟ هەر لەو کاتەوە (باوکە ئادەم) پەیدا بووە (دایکە حەوا)ش پەیدابووە. هەرچەندە هیچ زانیارییەکی ئەوتۆمـان لەبارەی ئەوەوە نییە کە دایکە حەوا وەکو یەکەم ژن شـتێـك یان زانیارییەکی تۆمارکردبێت، بەڵام لەوە دڵنیاین کە ئەرشـیفەکانی مێژووی کۆن و ناوەڕاسـت و نوێ، چەندەها بەڵگەنامەیان تێدان کە دەیسـەلمێنن نووسـینی ژنانەن، وەکو شـیعرەکانی ژنە شـاعیری گریکیی (سـافۆ/ ٦١٢- ٥٧٠ پ. ز) و (خەنسـا/ ٥٧٥ – ٦٦٤ز)ی ژنە شـاعیری عەرەب و لەناو کوردیشـدا، مەسـتوورە خانی ئەردەڵانی (١٨٠٤ – ١٨٤٨ز)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا داواکارییەکەی سـیکسـوس بایەخ و گرنگیی خۆی هەیە، چونکە لە کاتێکدا ئەم بابەتە دەورووژێنێت کە ژنان ئامادەییەکی گەورە و مەزنیان لە جیهانی نوێدا هەیە و تەنگیان بە گوتاری نێرینەدا هەڵچنیوە (رسـول، ٢٠١٣، ٩ – ١٠). بەڵام (یمنی العید) پێیوایە کە ئەدەبی ژنان زیاتر بە واتای بایەخدان و بەهەندوەرگرتنی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ژنان دێت و گوزارشـت لە چەمکی (دوانەی مێینە –

نێرینە) ناکات، ناشێ بەرهەمی ئەدەبی ژنان لە پەیوەندییەکی دژیەکیی و پێچەوانەیی لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبیی پیاواندا، دابنرێت (العيد، ٢٠١١، ١٣٧). هەڵبەت ئەم بۆچوونەی (یمنی العید) بۆچوونێکی ورد و لۆجیکییە، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ ئەدەبی ژنان بە خستنەڕووی کێشە جەندەرییەکانی خۆیان دژی پیاوان دەوەستنەوە، بەڵام دژی ئەدەبی پیاوان ناوەستنەوە، چونکە زۆر لە نووسەرانی پیاویش بەرگری لە مافی ژنان دەکەن و کێشەکانیان بە هەند وەردەگرن. بەڵام لێرەدا ئێمە، مەبەستمان لە ئەدەبی ژنان یان نووسینی ژنان، ئەو ئەدەبەیە کە قەڵەمی ژنان بەرهەمی دەهێنێت. نەك ئەدەبێکی پیاوانە باسی ژنان بکات. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە ئەدەبی ژنان، راستە کێشەکانی ژنان وەکو رەگەزێکی مرۆیی دەخاتەڕوو، بەڵام بە گشتی گوزارشتێکی ژنانە لە دنیابینی خۆیان دەکەن وەکو نووسەری ژن. لەم بارەیەوە ماری ئیگلتۆن ( Mary Eagliton) بەم شێوەیە پێناسەی ئەدەبی ژنان دەکات :"ئەو ئەدەبەیە کە هەوڵدەدات پەردە لەسەر لایەنی خودیی تایبەتیی لە ژناندا، لابدات، دوور لەو لایەنانەی کە ئەدەب لە ماوەی سەردەمانێکی دوور و درێژدا بایەخی پێیداوە. واتە ئەدەبی ژنان ئەو ئەدەبەیە کە بە شێوەیەکی راستگۆیانە گوزارشت لە مۆرکێکی تایبەتی ئەزموونی ژنان دەکات جیا لە چەمکە تەقلیدییەکان، هەروەها ئەو ئەدەبەیە کە ئەزموونی ژنان لە ژیاندا بەرجەستە دەکات" (زقلي، 2015، 6).

(هیلین سیکسوس)یش لە روانگەی زمانی دەقەوە پێناسەی ئەدەبی ژنان دەکات و پێیوایە کە :"ئەدەبێکە زمانێکی تایبەتی هەیە، زمانی ژنە کە هەر لە منداڵییەوە وەریگرتووە" (زقلي، 2015، 6). کە زمان بەرهەمی بیر بێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە بیری ژنان و دنیابینییان جیاوازە لە بیر و دنیابینیی پیاوان، هەربۆیە ئەو زمانەی کە ئێش و ئازارەکانیشیان بەرجەستە دەکات زمانێکی ژنانەیە، لە رێگەیەوە هەوڵدەدەن خودی خۆیان بەدەستبهێنن، دوور لە پیاوان کە هەمیشە خۆیان بە لە پێشتر دادەنێن لە ژنان و تەنانەت بە شێوەیەکی نەرێنیی لە ژنان دەڕوانن.

### 3. گرفتی چەمکەکە

وەکو هەر چەمك و زاراوەیەکی دیکەی ئەدەبیی، چەمکی ئەدەبی ژنانیش کۆمەڵێك مشتومڕ و دەمەتەقێی بەدوای خۆیدا هێناوە (چ بە پشتگیرییکردن و پەسەندکردن یان دژایەتییکردن و رەتکردنەوە)، کە بوونەتە هۆی لێڵیی و ئاڵۆزی چەمکەکە، یان بە واتایەکی دیکە ئاڵۆزاندوویانە. لەم بارەیەوە ژنە رەخنەگری عەرەب (خالیدە سەعید) دەڵێت :"ئەگەرمەبەست لە پرۆسەی ناولێنان، پێناسەکردن و پۆلێنکردن و تەنانەت هەڵسەنگاندنیش بێت، ئەوا لێرەدا ئەم پرۆسەیە بە پێچەوانەوە دوورە لە وردیی و پۆلێنکردن و هەڵسەنگاندن، چونکە لێرەدا ئەم ناولێنانە حوکمی (پەراوێزخستن) بەسەر ژناندا دەدات بەرانبەر بە (سێنتراڵیزم)ێکی گریمانکراو" (سعید، ١٩٩١، ٨٥) کە سێنتراڵیزمی ئەدەبی نێرینەیە. یەکەم بەرهەڵستییش لە دژی چەمکی ئەدەبی ژنان بە بڕوای (ستیفانی هودجسون رایت) لە لایەن دامەزراوەکانی رۆشنبیریی نێرینەوە ئەنجامدراوە (چامبل، ٢٠٠٢، ٥) چونکە وەکو هەڕەشەیەك بۆ سەر هەژموون و دەسەڵاتی خۆیان چاویان لە ئەدەبی ژنان کردووە، بۆیە ئەو دامەزراوانە چەمکی ئەدەبی ژنانیان بە لارێدا برد و کۆمەڵێك واتای نەرێنییان دایە پاڵ کە وایکرد ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان بەر لە پیاوان بە زەحمەت چەمکی ئەدەبی ژنان پەسەند بکەن. ئەوەتا (جولیا کریستیڤا) ساڵی ١٩٨٦ لە توێژینەوەکیدا بە ناوی (رەخنەی ئەدەبیی ژنان)دا، روونیدەکاتەوە کە یەکسانیی ژن و پیاو لەو وێنە و کۆد و نیشانە و دەلالەتانەی کە لە ئەدەب و هونەردا دەردەکەون، شتێکی پێویستە (راغب، ٢٠٠٣، ٦٦١)، هەر بۆیە کریستیڤا تەنانەت زاراوەی فیمینیزم بە گشتی رەتدەکاتەوە، چونکە ناتوانێت دوانەی (نێر و مێ) هەلبوەشێنێتەوە کە خۆی بە تەواوەتیی دژێتی و رەتیدەکاتەوە. هەروەها ژمارەیەکی زۆری تر لە ژنە نووسەر و رەخنەگرانی عەرەب وەکو (سلمى الخضراء الجيوسي، هدى وصفي، يمنى العيد، خناثة بنونة، سهام البيومي، غادة السمان، فاطمة ناعوت، احلام مستغانمي) دژی چەمکی ئەدەبی ژنان و بەکارهێنانین، هەمووشیان بیانوو و بەڵگەیان ئەوەیە کە ئەم چەمکە لە لایەن پیاوەوە دروستکراوە بە ئامانجی سووکایەتییکردن و کەمکردنەوە لە پێگە و توانا و داهێنانی ژنان. تەنانەت (احلام مستغانمي) گاڵتەی بە زاراوەکە دێت و بەو پرسیارە بێ مانایەی دەچوێنێت کە خەڵکی لە بارەی رەگەزی منداڵی تازە لەدایکبووەوە دەپرسن: کوڕە یان کچ؟ هەڵبەت کە دەزانن کچە ئیتر خەم دایاندەگرێت (زقلي، ٢٠١٥، ٨ – ١٢).

بەڵام لە بەرانبەریشدا زۆرێك لە نووسەرانی ژن و پیاویشدا، پشتگیری ئەم چەمکە دەکەن و کێشەکە بە سروشتی ژنانەوە دەبەستنەوە، چونکە "دۆخی تایبەتی ئەدەبی ژنان کە مرجدارە بە عەقڵییەتێکەوە کە نەوەکان بە میراتیی بۆیان ماوەتەوە، وا لە کێشەکەیان دەکات کە – بەردەوام – لە چوارچێوەی پرۆژەی رزگاربووندا، جێگای باسکردن بێت" (كرام، ٢٠٠٤، ١٩). لەم سۆنگەیەوە، ئەدەبی ژنان پەیوەندی بەو هەوڵ و تێکۆشانەوە هەیە کە ژنان داویانە و دەیدەن بۆ سەلماندنی خود و ناسنامەی مێینەیی خۆیان و توانییان لە سەردەمێك کە لەژێر دەستەڵاتی پیاواندا بوون، دەربازبن و تێپەڕن بۆ سەردەمێکی نوێ کە بە قەڵەم و نووسین گوزارشت لە خۆیان بکەن. رەخنەگری عەرەبی سعوودیی (عەبدوڵا غەزامی) پێیوایە کە :"مەزراندنی نووسین لە لایەن ژنان و پراوەکردنی لە گوتاری نووسراودا دوای تەمەنێکی دوور و درێژ لە حیکایەتکردن و چێژ وەرگرتن لە حیکایەت، ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە لەبەردەم گواستنەوەیەکی جۆرییدایین سەبارەت بە باسکردن لە ژنان، چونکە چیتر پیاوان لە بری ئەوان قسە ناکەن و نابن بە زمانحاڵیان، هەروەك بە درێژایی چەندین سەدەی بە دواییەکداهاتوو ئەو کارەیان کردووە، بەڵکو ئێستا ژنان خۆیان قسە دەکەن و لە رێگای قەڵەمەوە باس لە خۆیان دەکەن، قەڵەمێك کە بەردەوام (نێر) بووە و ئامرازێکی (نێرینە) بووە" (الغذامي، 1997، 8). لەم بارەیەوە (مادلین گاگنۆن – Madeleine Gagnon) دەڵێت :"دەمەوێ جەستەی خۆم بنووسمەوە، چونکە شتێك پێمدەڵێت بەشێکی گەورە لە مێژوو لەناو یادگای جەستەی مێینەییدا، مەییوە" (كرام، ٢٠٠٤، ١٩)، نووسەری تونسی (محمد سالح الجابری)یش جەخت لەسەر بایەخ و تواناکانی ژنان و ئەدەبەکەیان دەکاتەوە و دەڵێت :"ئەدەبی ئێمە شتێکی کەمە کە ژنان دەتوانن بیدەنێ، تربەی

خۆشەویستی لێ کەمە.. ترپەی ئەو دەمارانەی لێ کەمە کە لە دێر زەمانەوە براونەتەوە" (کرام، ٢٠٠٤، ١٩).

ژنە نووسەر و رەخنەگری عەرەبی (د. لطيفة الزيات)، سەرەتا زاراوە و چەمکی ئەدەبی ژنان رەتدەکاتەوە، ئەویش بەو بیانووەی کە ژنە نووسەرەکانی دیکە رەتیانکردووەتەوە کە گوایە لە ئاست و پێگەی ژنان کەم دەکاتەوە. بەڵام دواتر هەڵوێستی دەگۆڕێت و پەسەندی دەکات. لەم بارەویەوە زۆر بە راشکاوی خۆڵوێستی خۆی دەخاتەڕوو و دەڵێت :"هەمیشە جیاکردنەوەی نێوان نووسینی ژنان و نووسینی پیاوانم رەتکردووەتەوە وێڕای ئەوە کە هەستمدەکرد کە هەر یەکەیان بە شێوەی جیاواز دەنووسن. ئەوەشی وای لێکردم کە ئەم هەڵوێستەم هەبێ ئەوەبوو کە دەترسام ئەم زاراوەیە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ژنان لە پلەی دووەمدا بهێڵێتەوە هەروەك چۆن ژنان خۆیان لەناو کۆمەڵ و لە ژیاندا لە پلەی دووەمدا ماونەتەوە. بەڵام ئێستا، دوای ئەوەی کە دەکرێ و ڕێی تێدەچێت یەکسانی نێوان پیاوان و ژنان بێتەدی، دەکرێ ئێمەش دان بەو ڕیگە جیاوازانەدا بنێین کە پیاوان و ژنان هەمیشە پێیان نووسیوە، بە بێ ئەوەی کە ئەمە بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان مانای ئەوە بێت یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا سەرکەوتوون" (شعبان، ١٩٩٩، ٢٤).

بە پێچەوانەی زۆربەی ژنەکانی دیکە، بە تایبەتییش ئەوانەی دژی زاراوەکەن و رەتیدەکەنەوە، ژنە نووسەر (حمدة خميس) وەکو شانازییەك لە زاراوەکە دەڕوانێت و دەڵێت :"ئەدەبی ژنان – هەم وەکو واقیع و هەم وەکو زاراوەش – پێویستە ببێت بە سەرچاوەی شانازیی بۆ ژنان و کۆمەڵگا و رەخنەگرانیش. چونکە چەمکی ئەو ئەدەبە ئینسانییە راستەدەکاتەوە کە جەخت لەسەر بەهای مرۆڤ و توانای لە وەدیهێنانی خودی خۆی دەکاتەوە. هەروەها تام و بۆیەکی جیاواز و زمانێکی بە بەرهەم دەبەخشێت بە ئەدەبی باو و دەوڵەمەندی دەکات و لەگەڵیدا بەرەو کەماڵ دەڕۆن. هەروەها ئەدەبی ژنان گوتاری هەستانەوە و رۆشنگەرییە. هەرچی سیمای بە کەم سەیرکرد و بە سووککردنە، ئەوا ئەگەر لە دیدی کۆمەڵگاشدا هەبێت، نابێت لە دیدی رەخنەگری بابەتییدا هەبێت کە روناککردنەوەیە نەك تاریککردنەوە" (المناصرة، 2008، 93 – 94).

سەبارەت بە چەمکی ئەدەبی ژنان لە ئەدەب و رەخنەی کوردیدا، بە پێی زانیاری و بەدواداچوونی ئێمە، بە دەگمەن نەبێت ئاوڕێکی بەرچاو لەم بابەتە نەدراوەتەوە. هۆی ئەم بایەخ نەدانەش بە بڕوای ئێمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە بنەڕەتدا نووسەرانی کورد بە ژن و پیاوەوە وەك لە قسەکانیاندا دەردەکەوێت، ئەم چەمکە رەتدەکەنەوە.

نووسەر ئەکادیمیستی کورد (هاشم ئەحمەد زادە) لەگەڵ جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی ئەدەب نییە بۆ ئەدەبی ژنان و ئەدەبی پیاوان، چونکە بە بڕوای ئەو ئەمە مەسەلەیەکی جەندەرییە نەك جەوهەری (ئەحمەد زادە، ٢٠١٢، ٣٧٨). هەروەها نووسەر و وەرگێڕ (جەبار سابیر)، ئەدەبی ژنان بە "**شتێکی سەیر**" ناودەبات کە بە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوە فێمینیستی (تەنانەت لە سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیەش بە گومانە) و زۆربوونی ڕێکخراوەکانی ژنان و بڵاوکراوەکانیانەوە هاتووەتە ئاراوە (سابیر، ٢٠٠٨، ٦٣). ئەم دیاردە سەیرەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە پیاوان ناتوانن وەکو ژنان گوزارشت لە خەم و ئازار و نەهامەتییانیان بکەن. بۆ نموونە هیچ پیاوێك ناتوانێت گوزارشت لەو هەموو ئازارە بکات کە ژنێك لە چرکەساتی مناڵبووندا دەیبینێت. ئەمە ڕاستە بەڵام ئەم مەیلەی ژنان بۆ هێنانە ئارای ئەدەبی ژنان زیاتر لە رقەوە سەری هەڵداوە بەرانبەر بە پیاوان کە بەلایانەوە سەرچاوەی نەهامەتییەکانیانن (سابیر، ٢٠٠٨، ٦٤).

(سارا عومەر)ی شاعیر و وەرگێڕیش پێیوایە کە کاری سەرەکی ئێمەی مرۆڤ، نابێت خەمی دروستکردنی ئەدەبی ژنانە یان پیاوانە، چونکە لە سیاقە مێژووییەکەی ئەدەبدا، شتێك نییە بە ناوی ئەدەبیاتی دوو رەگەزە (عومەر، ٢٠١١، ٩٠)، ئەمەش بە بڕوای (سارا) لاوازی یا کەموکوڕی نییە لە بزاڤی ئەدەبی، بۆیە ئەم ناوانە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی ژنان وەکو بوونەوەرێکی جیا لە پیاوان (عومەر، ٢٠١١، ٩٥).

بەڵام (کەریم پەرەنگ) زۆر بە راشکاوانە جیاکردنەوەی ئەدەب بە پێی رەگەزی مرۆیی رەتدەکاتەوە و هیچ مەرجێکیش بۆ پەسەندکردنی قبوڵ ناکات. بەڵام کە پاساو بۆ قسەکانی دێنێتەوە تێدەگەین کە هەڵە لە زاراوەکە گەیشتووە، چونکە پێیوایە ئەدەبی ژنان ئەو ئەدەبەیە کە تەنیا بۆ ژن دەنووسرێت و ژن دەیخوێنێتەوە. لەم بارەیە دەڵێت :"من هەتا ئێستا هیچ کتێبێکم نەبینیوە لە سەری نووسرابێت ئەدەبی ژن و ویستبێتی پیاو لە خوێندنەوەی بێبەری بکات. ژنان وەکو پیاوان شیعر دەنووسن، رۆمان دەنووسن، چیرۆک دەنووسن و هەمووشمان لە هەمان سەرچاوە ئاو دەخۆینەوە. (...) راستە هەندێ ئەدەب هەیە، کە ژن نووسیویەتی و هەندێ جار هەست دەکرێت نووسەرەکە زیاتر مەبەستی بەئامانجگرتنی ژنە، واتە بۆ خوێنەری ژنی نووسیوە، ئەو کاتە دەتوانرێ لە بەرگی کتێبەکە بنووسرێت ئەدەبی ژنان. (پەرەنگ، ٢٠٢١، نامەی ئەلکترۆنی). بۆیە بە تەنزەوە دەڵێت :"زیاتر بڕوام بە حەمامی ژنان هەیە، بۆ جوداکردنەوەی ژنان و پیاوان، وەکو لە ئەدەبی ژنان و پیاوان" (پەرەنگ، ٢٠٢١، نامەی ئەلکترۆنی). بەڵام ئاشکرایە کە مەبەست لە ئەدەبی ژنان ئەو ئەدەبەیە کە ژن دەینووسێت و ژن و پیاویش دەیخوێننەوە، وەك چۆن ئەدەبی پیاوانیش دەخوێننەوە. سەرباری راشکاوییەکەی، کەریم پەرەنگ زۆر پیاوانە (نێرینانە) باس لە بەرهەمی ژنە نووسەرانی کورد دەکات و پێیوایە کە :"زۆربەی ژنە نووسەرەکانمان سەریان کردووەتە نووسینی شیعر، هەموو ئەو پەخشانانەی ژنی کوردی نووسەر نووسیونی بە هەفتەیەک دەخوێنرێنەوە. لێرەدا مەبەستم لەوە نییە کە شیعر ژانرێکی خراپ بێت، بەڵکو زیاتر مەبەستم هەڵسەنگاندنە" (پەرەنگ، ٢٠٢١، نامەی ئەلکترۆنی)، واتە ئاستی داهێنانی ژنانی کورد لە بواری گێڕانەوەدا بە پێی پێویست نییە.

### سێیەم : سەرهەڵدانی رۆمانی ژنانە لە ئەدەبی کوردیدا.

بە پێی ئەو پێناسە باوەی کە ئەدەب ئاوێنەی واقیعە، ئەوا ئەدەبی کوردییش بە درێژایی تەمەنی خۆی و بە هەموو ژانرەکانییەوە، بووەتە ئاوێنەیەك بۆ پیشاندانی واقیعی کۆمەڵگەی کوردی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، بە تایبەتییش ئەو واقیعە تاڵەی کە بە درێژایی مێژوو بەسەر گەلی کورددا هاتووە، چ بە هۆی دوژمنە

دەرەکییەکانییەوە یان دوژمنی ناوەکیی کە خۆی لە دووبەرەکیی و خۆخۆریی و خۆکوژیدا دەبینێتەوە، ژنیش وەکو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی چ بە کاریگەریی یان کارتێکراویی، پانتاییەکی فراوانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا داگیرکردووە، کە دەکرێ لە رۆمانی ژنانی کورددا بە روونیی سەرنجی بدرێتێ، چونکە "ژنانی رۆمان نووس و هەڵســـوکەوتیان لەگەڵ کارەکتەرگەلی پیاو و ژندا و پێناســـەکردنی ئەرک و مافەکانیان رەنگە ئەو دەرفەتە راستەوخۆیە بێ کە لێکۆڵەرەوەی ئەدەبی بتوانێ بە هۆی ئەوەوە راو رایەڵی کۆمەڵگە بە باشترین شێوە ببینێ. تەنانەت ئەگەر مرۆڤ باوەڕیشــی بە کارتێکەریی ژیان و ئەزموونی نووســەر لەســەر دەقەکەیدا نەبێت، دەکرێ تا رادەیەکی زۆر دڵنیا بێت کە دەقەکە لە پەیوەندیەکی گورجوگۆڵدایە لەگەڵ شعوری (هەستی) ئەدەبی نووسەرو ئیپیستیمۆلۆجیای سەردەم. بە واتایەکی تر دەکرێ دەقی ئەدەبی بەرهەمهاتوو لە لایەن ژنانەوە وەک گوتارێک ســـەیر بکرێ کە تێیدا هێڵە ســـەرەکییەکانی بیروڕای باو و زاڵ لە دەورەیەکی دیاریکراودا خۆیان نیشان بدەن (ئەحمەد زادە، ٢٠١٢، ٣٦٦ - ٣٦٥).

کێشــەی گەورە و لە پێشـــینە ئەوەیە کە ژنان درەنگ هاتوونەتە مەیدانی نووســـینەوە، ئەمەش هەر لە کۆمەڵگەی کوردیدا وا نییە، بەڵکو لە تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی هەر پیاوان دەستپێشخەربوونە لە نووسـین و داهێنان. (ڤێرجینیا وۆڵف) کە پێگەیەکی بەرزی لە ئەدەبیاتی جیهانییدا هەیە، چەندین هۆکاری بۆ ئەم درەنگ هاتنە مەیدانەی ژنان لە بواری نووســـینـدا دەستنیشانکردووە، وەکو هۆکاری کۆمەڵایەتیی و ماددیی و نەبوونی پێشـینەیەکی نووسینی ژنانە کە ژنان بیکە بە ســـەر مەشـقی خۆیان (ئەحمەد زادە، ٢٠١٢، ٣٧٤ - ٣٧٧). هەر ئەم هۆکارانەش بوونەتە لەمپەر لە بەردەم ژنانی کورد بۆ هاتنە مەیدانی نووســـین. ئەوەتا لە مێژووی هەزار ســـاڵەی ئەدەبی کوردیدا کە زیاتر ئەدەبێکی شـــیعرییە، بە بێ دوو دڵی دەتوانین بڵێین کە نزیکەی نۆســـەد و پەنجا ســـاڵی هەر ئەدەبێکی پیاوانە بووە و ژنان ئامادەییەکی وەهایان نییە کە شایەنی باسکردن بن، جگە لە مەستوورە خانی ئەردەڵانی ناوی ژنێکی دیکەمان بەرچاو ناکەوێ. تەنانەت لە سەردەمی نوێشدا بە تایبەتی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمیش کە چەندین چەمکی تازەی وەکو ئازادی و مافی مرۆڤ و مافی ئافرەتان دێنە ئاراوە، هێشـــتا ژنان هەر دوو دڵن لە هاتنە پێشەوە، ئەو ژنانەی کە هاتوونەتە پێشەوە ژمارەیان لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕن، ئەوانیش یان کچی دەوڵەمەندەکان یان کچی دەسترۆیشتووەکان بوونە کە هیچ کێشـــەیەکی داراییـان نەبووە و ئەرکەکانی خێزان و بەخێوکردنی منداڵیش نەبوونەتە لەمپەر لەبەردەمیان. بەڵام ئەم هەلە بۆ هەموو کچێك یان ژنێك نەڕەخساوە. غیابی ژنان و درەنگ هاتنە مەیدانیان تەنیا لە بواری ئەدەبییدا نەبووە، بەڵکو لە بواری هونەریشـــدا بووە، هیچ کوردێك نییە لە دەیەی حەفتا و هەشتای سەدەی بیستەمدا ناوی (عومەر چاوشین)ی نەبیستبێت کە هەمیشە رۆڵی ژنی بینیوە و ئەو بۆشاییەی پڕ کردووەتەوە کە غیابی ژنان دروستیکردبوو، ژنانی گۆرانیبێژیش کە پێشـــتر تاك و تەرابوونە و ئێســـتا ژمارەیان بەرچاوە، زۆربەی زۆریان بە ئاگا یان بێ ئاگا هەر گۆرانیی پیاوانە دەڵێنەوە، واتە گوزارشت لە هەست و سۆزێکی پیاوانە دەکەن.

لە پەنجاکان و شـەسـتەکانی سـەدەی بیسـتەم بەدواوە، چەند دەەنگێکی ئەدەبیی وەکو دایکی سۆلاف و نەسرین فەخری دەرکەوتن، دایکی سۆلاف لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوە دەســـتی بە نووســـین کردووە و یەکەم ژن بووە کە ئاوڕی لە ئەدەبی منداڵان داوەتەوە و چەندین بەرهەمی بە شـــیعر و چیرۆك نووســـیوە، بەڵام لە هەشـتاکان بە دواوە دەسـتی بە بڵاوکردنەوەیان کردووە. نەسرین فەخرییش لەپاڵ بەرهەمە ئەکادیمییەکانییدا چەند دیوانێکی شـــیعریی هەیە. دواتر لە حەفتاکان و هەشـتاکانەوە ئیتر ئەم دەنگ و قەڵەمانە زیاتر دەبن و ژنانی وەکو نەجیبە ئەحمەد و ئەحلام مەنسوور و شیرین کاف دێنە مەیدان و شیعر و چیرۆك دەنووسن.

تا ئێرە هیچ یەکێـك لەو ژنانە رۆمـانیـان نەنووســـیوە، بەڵام لە ناوەڕاســـتی هەشـــتاکانەوە و بە دیاریکراویش لە ســـاڵی ١٩٨٥، تاکو راپەڕینی گەلی کورد لە ساڵی ١٩٩١ (گەلاوێژ ساڵح قەفتان)ی هاوسەری نووسـەر و سیاسەتمەداری کورد مامۆســتا ئیبراهیم ئەحمەدە، چوار رۆمانی نووســیوە بڵاوی کردووەتەوە کە ئەمانەن (بووکی ئاتەخان ١٩٨٥، دایك و کوڕ ١٩٨٧، بەرەو ئەشکەوتی دڵێران - دوو بەرگ ١٩٨٨، رێبوارێکی ســـەرگەردان ١٩٨٩). لە دوای راپەڕینیشـــدا گەلاوێژ بەردەوام بووە و دوو رۆمانی دیکەی نووسیوە بە ناوەکانی (دنیا بێشەیە ١٩٩٢، گەشـــتی کوردســـتان ١٩٩٦) لەگەڵ رۆمانێکی دیکە بە ناوی (پایز و بەهاری خونچە) کە دیار نییە کەی نووسراوە و بۆ یەکەم جار کەی چاپکراوە بەڵام لەگەڵ هەموو بەرهەمەکانی دیکەی نووســەردا ســاڵی ٢٠١٨ چاپ بووە و نووسراوە کە چاپی نوێیە. شتێکی گرنگ کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین، ئەوەیە کە گەلاوێژ خۆی ناســـنامەی زۆربەی دەقەکانی وەکو ژانرێکی ئەدەبیی دەستنیشانکردووە، بەڵام لەسەر هەندێکیان نووسیویەتی (چیرۆك) بەڵام دەقەکە خۆی رۆمانە وەکو (بووکی ئاتە خان) و (گەشـــتی کوردســـتان)، لەســـەر بەرگی (رێبوارێکی سەرگەردان) و (پایز و بەهاری خونچە)ش هیچ شتێکی نەنووسیوە، ئەگەرچی دەقەکان خۆیان رۆمانن، ئەمەش بۆ بڕوای ئێمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەکو نووسەرێك گەلاوێژ شارەزاییەکی ئەوتۆی لە تیۆرەکانی چیرۆك و رۆمان نییە و بە دروستی لێکیان ناکاتەوە. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە نە شان بە شانی گەلاوێژ و نە دوای ئەویش لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، هیچ ژنێکی دیکە نەهاتوونەتە پێشـــەوە و هیچ رۆمانێکی دیکە کە بەرهەمی قەڵەمی ژن بێت نەنووسراوە. بەڵکو لە دەیەی یەکەمی ســـەدەی بیســـت و یەکەمدا و بە دیاریکراویش لە ســـاڵی ٢٠٠٤ هەر گەلاوێژ خۆی ســـەرقافڵە بووە و رۆمانی (لەســـەر باڵی سـیمرخ)ی بڵاو کردووەتەوە و رۆمانی (دایك و کوڕ)یش کە لە ساڵی (١٩٨٧) نووسیویەتی، ساڵی (٢٠٠٥) چاپ و بڵاویدەکاتەوە.

دوابەدوای گەلاوێژ، ئیتر لەو ســـاڵانە بە دواوە، بە هۆی گۆڕانی بارودۆخی ســیاسی و ئابووری کوردســتان لە دوای روخانی رژێمی عیراقەوە، ئیتر بوارێکی زیاتر بۆ ژنان رەخســا و ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی نووســەر هاتنە مەیدان و ژمارەیەك رۆمانیان نووسی و بڵاویان کردەوە، لەوانەش (ئەحلام مەنســـوور، مەهاباد قەرەداغی، بەیان ســـەلمان، رێواس ئەحمەد، روناك شـــوانی، زەینەب یوسفی، پەری کەریمی نیا، نەسرین جەعفەری، نیگار نادر، کۆچەر ئەبوبەکر، تانیا میرزا، ڤینۆس فـایق، رووخۆش عەلی، خەنـد عەبـدولرەحمان، دڵخواز تۆفیق،

ســــــارا جەعفەری، رازاو غەفوور، چنور نامیق، نەجیبە ئەبوبەکر، ئەژین عەبدولخالق) کە بەرهەمی هەندێکیان کەرەستەی توێژینەوەکەی ئێمەیە. ئەگەرچی ژمارەیان بە بەراورد بە نووسەرانی پیاو کەمن، بەڵام ئامادەییەکی بەرچاویان هەیە و توانیویان لەم (١٥) ساڵەی رابردوودا، کەلێنێکی زۆر لە قەڵەمی ژنان پڕبکەنەوە و بین بە بناغە و رچچکەیەك بۆ ژنانی دوای خۆیان.

**چوارەم: لەبارەی میتۆدی کۆمەڵایەتیی لە رەخنەی ئەدەبییدا:**

ئاشکرایە کە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵ پەیوەندییەکی دێرین و بەتینە. هەر لە کۆنەوە ئەدەب بە ئاوێنە وەسفکراوە، بەڵام ئاخۆ ئاوێنەیە بۆ رەنگدانەوەی شتەکانی دەوروبەر یان بۆ رەنگدانەوەی مێشك و بیر و باوەڕی نووسەر، یانیش ئاوێنەیە بۆ رەنگدانەوەی ژینگە و دەوروبەر و کۆمەڵگەی مرۆیی؟ میتۆدی کۆمەڵایەتیی، یەکێکە لە میتۆدە رەخنەییەکانی ئەدەب، وەڵامی ئەم پرسیارانەمان دەداتەوە و پێیوایە سەرچاوەی دەقی ئەدەبی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگە و ئەو دەوروبەرەی کە نووسەر تێیدا دەژی. لەم سۆنگەیەشەوە، میتۆدی رەخنەی کۆمەڵایەتیی بایەخ بە دەرەوەی جیهانی دەقی ئەدەبی دەدات و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە دەقی ئەدەبییدا شیدەکاتەوە و سەرچاوە و سروشتیان دەستنیشاندەکات. "میتۆدی کۆمەڵایەتیی لە هەناوی میتۆدی مێژووییەوە هاتووەتە دەرێ و لە هەردوو ئاستی کاتی و شوێنییدا (زماني و ومكاني)، بنەماکانی خۆی لێ وەرگرتووە." (فضل، 1996، 44).

سەرەتاکانی میتۆدی کۆمەڵایەتیی دەگەڕێتەوە بۆ بیرمەندی ئیتاڵی (جیامبا تیستا فیکۆ ١٦٦٨ – ١٧٤٤). (فیکۆ) لە کتێبێکدا بە ناوی (بنەماکانی زانستی نوێ) کە لە ساڵی (١٧٢٥) چاپیکردووە، هەوڵیداوە کە ئەدەب بە واقیعی کۆمەڵایەتییەوە ببەستێتەوە. (فیکۆ) پێوایە کە هەموو شارستانییەتێك خولێکی تەواوی ژیانی خۆی هەیە، هەر بۆیە سەرهەڵدانی ژانرە ئەدەبییەکانیشی بە واقیعی کۆمەڵایەتییەوە گرێداوە. لەم ڕوانگەیەوە؛ داستان بە کۆمەڵگە عەشایەرییەکانەوە گرێدەدات، دراماش پەیوەستدەکات بە دەرکەوتنی شارەوە، هەرچی رۆمانە، لەگەڵ پەیدابوونی چاپەمەنی و کاغەز و بڵاوبوونەوەی فێکردندا، هاتووەتە ئاراوە (الماضي، 2013، 144). کەواتە (فیکۆ) زیاتر جەخت لەسەر رەگەزی کات دەکاتەوە. هەرچی (مەدام دی ستایل)ە، ئەوا هەنگاوێك زیاتر دەڕوات و بایەخ بە (شوێن) دەدات. لە کتێبی (ئەدەب و پەیوەندی بە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانەوە) کە لە ساڵی (١٨٠٠)دا چاپیکردووە، (دی ستایل) پێیوایە کە ئەدەب گوزارشتکردنە لە کۆمەڵگە، پێشهان وایە کە ئەستەمە میتۆدی کۆمەڵایەتیی بگەڕێنینەوە بۆ نووسینەکانی کەسێك یان دوو کەس، بە قەد ئەوەی کە بەرهەمی پەرەسەندنی مێژوویی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و شۆڕشگێڕییشە. لە راستییدا تیۆری کۆمەڵایەتیی، رەهەندی مەنهەجیی و قووڵیی فیکریی خۆی لە بۆچوونەکانی مارکسەوە بەدەستهێناوە (قطوس، 2016، 50 – 51).

مارکسیزم و ریالیزمی رۆژئاوایی، شان بە شانی یەکتر کاریان دەکرد بۆ پەیڕەوکردنی رەخنەی کۆمەڵایەتیی و ئەو روانگەیەی کە ژێرخانی کۆمەڵایەتیی و کارە ئەدەبییەکان پێکەوە گرێدەدات، لێرەوە ئیتر دوو ئاراستەی هاوتەریب و لە هەمان کاتیشدا دوور لە یەك هاتنە ئاراوە:

1. ئاراستەی چەندێتیی، کە پێیدەوترێت کۆمەڵناسیی دیاردە ئەدەبییەکان کە ئاراستەیەکی ئەزموونگەرییە و سوود لەو تەکنیکانەی شیکردنەوە دەبینێت کە میتۆدەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیی بەکاریان دەهێنن، وەکو زانیارییەکان و شیکردنەوەیان و راڤەکردنی دیاردەکان (فضل، 1996، ٤٨).

ئەم ئاراستەیە پێیوایە کە ئەدەب بەشێکە لە بزاڤی رۆشنبیریی، شیکردنەوەی ئەدەبیش بە پێی ئەم ئاراستەیە پێویستیی بە کۆکردنەوەی زۆرترین و وردترین زانیارییە لەبارەی کارە ئەدەبییەکانەوە. بۆ نموونە، ئەگەر بمانەوێ لە رۆمانێك بکۆڵینەوە، ئەوا توێژینەوە لە رۆمانی ماوەیەکی دیاریکراو دەکەین، جا لەبەر ئەوەی رۆمان بەشێکە لە بەرهەمی گێڕانەوە بە گشتیی، ئەوا ژمارەیەك رۆمان وەردەگرین کە لەو سەردەمەدا چاپ بوونە لەگەڵ ژمارەی چاپەکانیان و رادەی بڵاوبوونەوە و ئەو ئاستەنگانەی هاتووەتە پێشیان. هەروەها ئەگەر بکرێت ژمارەی خوێنەری رۆمانەکان و وەڵامدانەوەیان بۆ رۆمانەکان بزانین، شتێکی زۆر باش دەبێت، چونکە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی وەکو دیاردەیەکی ئابووری، توێژینەوە لە ئەدەب بکەین کە ئابووریی رۆشنبیرییە و تیایدا زاراوەکانی بەرهەم و بەبازاڕکردن و دابەشکردن بەکاردێنین بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامگەلێك کە بزاڤی ئەدەبمان لەناو کۆمەڵدا پیشاندەدات. (سکارپێە) کە رەخنەگرێکی فەرەنسییە و کتێبێکی لە بارەی کۆمەڵناسیی ئەدەبەوە هەیە، بە یەکێك لە رابەرانی ئەم ئاراستەیە دادنرێت، (سکارپێە) وەکو دیاردەیەکی بەرهەمدار لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە کە پەیوەستە بە یاسکانی بازاڕەوە. (بادیس، 2014، ٣٩ - ٤٠)

2. ئاراستەی جەدەلیی؛ بناغەی ئەم ئاراستەیە دەگەڕێتەوە بۆ هیگڵ کە دواتر مارکس بۆچوونەکانی لە پەیوەندی نێوان ژێرخان و سەرخاندا گەڵاڵە کرد لە بەرهەمی ئەدەبیی و رۆشنبیرییدا، ئەم پەیوەندییەش پەیوەندییەکی دوولایەنە و کارلێککراوە. (فضل، 1996، ٥٥).

جۆرج لۆکاچ بە تیۆریستی ئەم ئاراستەیە دادەنرێت و پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگەی شیکردەوە و سەرهەڵدانی ژانری ئەدەبیی و بڵاوبوونەوەی بە سروشتی ژیانیی کۆمەڵایەتییەوە گرێ دا. دواتر (لوسیان گۆڵدمان) دێت و پەرە بە بۆچوونەکانی لۆکاچ دەدات و ئاراستەیەکی نوێ دێنێتەکایەوە کە پێیدەوترێت (کۆمەڵناسیی داهێنانی ئەدەبیی) و زیاتر بەرەو لایەنی چۆنیەتیی رۆیشت بە پێەوانەی (سکارپێە)وە کە پشتی بە لایەنی چەندێتیی دەبەست (بادیس، 2014، ٤٣)

یەکێك لەو گلەیی و رەخنانەی کە بە زۆری دەکرایە سەر میتۆدی کۆمەڵایەتیی، ئەوەبوو کە زۆر سووربوون و پێداگربوون لەسەر تێزەکانی خۆی کە ئەدەب رەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی نووسەرە و تیۆری رەنگدانەوەش پشتگیریی لەم بۆچوونە دەکات، بەڵام کۆمەڵگەش پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ هاتنەئارای دەقی ئەدەبیی. وێڕای هەموو ئەمانەش، میتۆدی کۆمەڵایەتیی، چەندین زاراوەی رەخنەیی خەملاّن و گەڵاڵەکرد وەکو (هونەر بۆ کۆمەڵگە، پەیامی ئەدەب، پەیامی هونەر، ئەدەبی پابەند (ملتزم)، ئەدەبی شۆڕشگێڕیی، ریالیزمی رەخنەیی، ریالیزمی سۆشیالیستیی)، هەموو ئەمانە پەیامی ئەدەب و نووسەر پێکدەهێنن و جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەدەب چالاکییەکی تایبەت بە تاکە کەسێك نییە، بەڵکو بەڵکو

رۆڵی گرنگی هەیە لە پەرەسەندنی کۆمەڵگە و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانیدا (قطوس، 2016، 54).

لە رەخنەی ئەدەبیی کوردییشدا، چەند هەوڵێك هەن کە میتۆدی رەخنەی کۆمەڵایەتییان بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیی (شیعر و رۆمان). بۆ نموونە ماستەرنامەی (عوسمان حەمەد خدر دەشتی) بە ناونیشانی (هێمن – دەربارەی ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی) کە ساڵی (٢٠٠١) پێشکەشی بەشی کەوردی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەڵاحەدینی کردووە، هەر لە ناونیشانەکەیەوە دیارە کە بەشێکی نامەکەی تەرخان کردووە بۆ توێژینەوە لە شیعرە کۆمەڵایەتییەکانی هێمن موکریانیدا. تێزی دکتۆرای (ئازاد عەبدولواحێد کەریم)یش بە ناونیشانی (سۆسیۆلۆجیای شیعری کوردی لە رووی پێوەرە ئاکارییەکانەوە – نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم) سالی (٢٠٠٥) لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد وەکو کتێب بڵاویکردووەتەوە. هەروەها ماستەرنامەی (ئاوارە کەمال ساڵح) بە ناونیشانی (رەخنەی کۆمەڵایەتیی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا) کە ساڵی (٢٠١٠) ئەمیش پێشکەشی بەشی کوردی کۆلیجی زمانی زانکۆی سەڵاحەدینی کردووە و بە پێی ئاراستەی دیالێکتیکی  لە شیعرەکانی گۆرانی کۆڵیوەتەوە. هەوڵێکی دیکە لەم بوارەدا، نامەی ماستەری (حەسەن یوسف ئەحمەد)ە بەناونیشانی رەهەندی کۆمەڵایەتیی لە رۆمانەکانی عەتا نەهاییدا) ساڵی (٢٠١٢) پێشکەشی بەشی زمانی کوردی کۆلیجی زمانی زانکۆی سەڵاحەدین کردووە. لە ساڵی (٢٠١٥)شدا، (کانیاو رەحمان حەمەد)، ماستەر نامەیەکی پێشکەشی بەشی کوردی کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی سەڵاحەدین کردووە بە ناونیشانی (رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە رۆمانەکانی کەریم کاکەدا). (عەبدوڵا رەحمان عەوڵا)ش تێزی دکتۆراکەی بە پێی میتۆدی رەخنەی کۆمەڵایەتیی نووسیوە و ساڵی (٢٠١٩) پێشکەشی کردووە بە بەشی کوردی کۆلیجی پەروەدەی زانکۆی سەلاحەدین بە ناونیشانی (کۆمەڵگە لە رۆمانی کوردیدا ١٩٦١ – ١٩٩١). (شیعرەکانی سامی عەوداڵ لە روانگەی سۆسیۆلۆجییەوە)ش هەوڵێکی (ئەحمەد مەحمود عەبودوڵا)یە کە بریتییە لە تێزی دکتۆرا و ساڵی (٢٠١٦) پێشکەشی بەشی کوردی کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی کۆیە کراوە. نەجم ئەلوەنیش کتێبێکی بە ناونیشانی (تیۆری کۆمەڵناسی رۆمان) نووسیوە و ساڵی (٢٠١٧) بڵاویکردووەتەوە و لەژێر رۆشنایی بۆچوونەکانی (میخائیل باختین و لوسیان گۆلدمان) بابەتێکی تیۆریی لەبارەی رەخنەی کۆمەڵایەتییەوە نووسیوە بەڵام کێشەی ئەم کتێبە ئەوەیە کە میتۆدەکە بەسەر هیچ رۆمانێکی کوردیدا پراکتیزە نەکراوە.

کەواتە رەخنەی ئەدەبیی کوردی و کتێبخانەی کوردی لەم رووەوە زۆر هەژار نییە بەڵام بە دڵنیاییەوە پێویستی بە هەول و نووسینی زیاترە.

## تەوەری دووەم

## وێنەی کۆمەڵایەتیی ژن لە رۆمانی ژنانەی کوردیدا

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین کە وێنەی ژنی کورد لە دوو ئاستدا پیشانبدەین، ئاستی یەکەم، پێگەی ژن لەناو ســـــنووری خێزان دەخەینەڕوو وەکو (دایك، هاوژین، کچ، خوشـــــك). لە ئاســـــتی دووەمدا پێگەی خزمەیاتی ژن دەخەینەروو وەکو (نەنك، پور، خەسو، مامۆژن، خاڵۆژن).

### یەکەم: وێنەی ژن لەناو سنووری خێزاندا

مەبەســـــتمان لە خێزان ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەیە کە لە باوك و دایـك و منداڵەکانیان پێکدێت. گومانی تێدا نییە کە ژن پایەیەکی سەرەکی و بەهێزی خێزانە، ئەرکی هەرە سـەرەکی و بنچینەیی خێزانیش دەکەوێتە ئەسـتۆی ژنەوە. سـەبارەت بە چۆنیەتی دروســـــتبوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەکی دونیا، دوو جۆر کۆمەڵگە شـــــایەنی لێ وردبوونەوەن و بەراوردکردنن، ئەوانیش کۆمەڵگەی نەریتیی (تڕادیسـیۆن) و کۆمەڵگەی نوێ (مۆدێرن)ن. رۆڵی خێزانیش لە جۆرێك لەم دوو جۆرە جیاوازە لەوی تر. لە کۆمەڵگەی نەریتییدا خێزانی گەورە لە ســـێ نەوە پێکهاتووە، (باپیرە و داپیرە) و (منداڵەکانیان) و (نەوەکانیان)، خێزان و ناو و ناوبانگی خێزان مەبەست و ئامانجە، تاک بەبێ خێزان و خزم و بە بێ پشت و پەنا خۆی لەبەر دەم هەڕەشــە و مەترسـیدا دەبینێتەوە. بۆیە ئاڕاســتەی هەموو هەوڵەکانی بۆ خێزان بەهێزکردنی بنـاغەکانی ئەو خێزانەیە. ناســـــنامەی خێزانی دەکەوێتە پێش ناســـــنامەی ئەندامەکانییەوە. هەرچی کۆمەڵگەی مۆدێرنە، تێیدا خێزانی گەورە ئەم پیرۆزییەی لە دەســـــت داوە و کەمبووەتەوە (ملا، ٢٠٠٩، ٤٠). بەو واتایە نا کە هیچ یەکێك لەو پێمهاتانەی سەرەوەی تێدا نەبێت، چونکە ئەوکات نەســـــلی مرۆیی بەردەوام نابێت، بەڵکو بە واتای ئەوەی کە هەر تاکێکی خێزان تا ڕادەیەکی زۆر ئازادن و ناسـنامە و کەسـێتیی خۆیان لە دەرەوەی خێزان یان بە بێ پشت و پەنای خێزان وەدەستدێنن. هەڵبەت تا ئەمڕۆش هیچ یەك لەو دوو جۆرە کۆمەڵگە سـەد لە سـەد بەو شـێوەیە نین، واتە سـیما و تایبەتمەندییەکان رێژەیین و لە هەر یەکێکیاندا رێژەیەکی ئەگەر کەمیش بێت لە جۆرەکەی دیکەی تێـدایە. کۆمەڵگەی کوردییش بە تایبەتیی لە دوای راپەڕینی (١٩٩١)ەوە هەلێکی باشی بۆ رەخســـــابوو کە چەند هەنگاوێك ســـــنووری نەریتیی ببەزێنێت، بەڵام بارودۆخی ســـیاســـی بەرژەوەندی حیزبیی نەك هەر رێگەی نەدا، بەڵکو زیاتر لەناو بۆتەی ئەو نەریتە باوانە هێشتییەوە، ئەویش بە زیندووکردنەوەی دیوەخان و ئەنجـامـدانی مەراســـیمی گەورە بۆ بەرزراگرتنی خێـڵ. ئەگەرچی وەك هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە ئامراز و کەرەســـــتەی تەکنۆلۆجییەکانی ســـەردەمیشـــیان وەرگرتووە و بەکاریـدەهێنن و کاریگەریشی ـــ کردووەتە ســـەر پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــــدا تاک لە کۆمەڵگەی کوردیدا تا رادەیەکی زۆر هێشـتا هەر لە سنووری خێزان حیسابی بۆ دەکرێت و خودی خۆی بە تەنیا ناتوانێت خاوەنی ناسـنامەیەکی سـەربەخۆ بێت، جا لەناو ئەم جۆرە (سیسـتمە)دا، هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی لە هەر قۆناغێکـدا ڕووبـدات، بێگومـان کاریگەری راســتەوخۆی بۆ ســەر ژن دەبێت، ئیتر کاریگەرییەکە ئەرێنیی بێت (کە کەمە) یا ن نەرێنی بێت.

### 1. وێنەی ژن وەکو دایك

لە ڕۆمانی (زیوی بەیانی)دا (ڕووخۆش عەلی) وێنەی ژنێکمان پێشکەشـدەکات کە ســـەرباری ئەوەی هاوژینێکی دڵســـۆز و تێکۆشـــەرێکی قارەمانە لە پێناو مافە

ڕەواکانی میللەتەکەی، دایکێکی ئازا و خۆڕاگریشـــە، بەڵام زەبر و زەنگی دوژمنی داگیرکەر ناهێڵێت تەمەنی دایکەیەتییەکەی لە یانزە ڕۆژ زیاتر بخایەنێت، چونکە کاتێك لەگەڵ هاوژینەکەیدا لە ترسی ڕاوەدوونانی ڕژێمی ئاخوندەکانی ئێران ڕوو لە ســـنووری عێراق دەکەن، کۆرپە تەمەن یانزە ڕۆژییەکەی کە هەر لە ڕێگا لەدایکبووە، لە برســـان و لە ســـەرماندا ڕەقدەبێتەوە و پانزە ڕۆژیش تەرمی جگەرگۆشـەکەی لە باوەشی خۆی هەڵدەگرێت تا دەگەنە ناوچەیەکی ئارام و لەوێ تەرمەکەی بە خاك دەسپێرن.

**"هەموویان هەســـتانە ســـەرپێ. کچە تەمەن یانزە ڕۆژەکە بنێژن، کە ئەو ڕۆژە پانزەهەم ڕۆژی شـــەهیدبوونی بوو. منیش بەدەرووێکی ئاڵۆزە و شـــپرزەوە، ویسـتیان کچەکەم لێبسـتێنن، بەڵام توند نوسـاندم بەسـنگمەوە و نەمدانێ. وتم: خۆم هەڵی دەگرم وازم لێبێنن. مام ڕەنجدەر وتی: بەخۆڕایی ناڵێن مرۆڤایەتی بۆ وشـــەی دایک بە چۆکادا دێت. ســـەیرکە ئەو منداڵە بووە بە قەپوو چۆن توند نوساندوێتی بە خۆیەوە نایداتە دەست کەسمان. منیش لەگەڵ ئەو کۆمەڵە پیاوەی لەژوورەکەدا بوون پوورە قەمەرنازی دڵسـۆزیش هات لەگەڵما بەرەو گۆڕسـتان ڕۆیشـــتین. بەدەم گریانەوە پێیە شـــەکەت و ماندووەکانم بەدوای خۆمدا کێش دەکرد، ڕووم کردە پوورە قەمەرناز و وتم: دەبوایە ئەم کچەی من شـەهید نەبوایە، ئەو جەللادانەی خاکیان داگیرکرد و فرۆشـــت بمردنایە، کچەکەم ئەگەر لەخەودا بتبینم تەنانەت نازانم ڕەنگ و ڕوخسـارت چۆن بووە، ناسـۆرێکی گەورەت کردە دڵی منەوە. کچەکەم وەکو ئاوی چەمەکان بوویت بە هەڵم و چوویت بە ئاســـمانی شیندا، لەگەڵ خۆرئاوابووندا لە من ئاوابوویت کچەکەم"** (عەلی، ٢٠١٤، ٢٥٢ – ٢٥٣).

ئەمە چ وێنەیەکی ناخ هەژێنە کە دایکێك لەسەر داواکردنی مافە ڕەواکانی خۆی و میللەتەکەیدا دەربەدەربێت و فریا نەکەوێت تەنانەت پڕ بە سییەکانی خۆیشی- بۆنی کۆرپەکەی بکات و پانزە ڕۆژیش تەرمە ســـارد و ڕەقهەڵاتووەکەی لە باوەش بگرێت؟

لە ڕۆمانی (هیچ)یشـدا (کۆچەر ئەبوبوکر) وێنەی دایکێکمان بۆ دەکێشـێت کە بە نامە لەگەڵ کوڕە حەوت ساڵانەکەیدا قسە دەکات:

**رامینی من....**

**ئێســـتا حەوت ســـاڵ و چەند کاتژمێرێک تەمەنتە، ئایا لەکاتی خوێندنەوەی ئەم نامەیەدا، دەزانیت لە حەوت ســـاڵیدا چۆن بیرت لە من کردۆتەوە؟چەند بیری دایکت کردووە ؟ منیش هەندێک جار پرسیاری گەوجانە دەکەم، ها.....**

**دایکان بەو جۆرەن. هەمیشـــە پرسـیاری چاوەڕواننەکراو لە منداڵەکانیان دەکەن، هەمیشـــەیش وەڵامی چاوەڕواننەکراو وەردەگرن. هەمیشـــە نەک دوودڵ، بەڵکوو هەزاران دڵن بەرامبەر منداڵەکانیان** (ئەبوبەکر، ٢٠١٥، ٢٧).

ئەم نموونەیەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەم دایکە لە دۆخێکی دەروونیی نائارامدایە، بە هۆی ئەوەی لە کوڕەکەیەوە دوورە و هەمیشە لە بیری ئەوەدایە کە ئاخۆ کوڕەکەی چۆن بیر لەدایکی دەکاتەوە؟ پێیوایە کە دایکێکی باشە یان خراپ؟ بیری دایکی دەکات یان نا؟ دواتر لە ڕێگەی فلاشـــباکێکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژەی کە نیشـــانەکانی دووگیانبوونی تێدا دەردەکەوێت و هاوکارەکانی پێیدەڵێن لەوانەیە دووگیان بێت:

**حەوت ســـاڵ و نۆ مانگ و چەند کاتژمێرێک بەر لە ئێســـتا، تۆ بوونی خۆت لە مندا سەلماند.**

**بیر لەو کاتە دەکەمەوە. خۆم دەبینم ژنێکی منداڵکاری بێ ئەزموون، ژنێک، کە هێشتا جانتاکەی شانی نوقڵ و مەساسەی تێدایە. لەسەر کارەکەم دانیشتووم، سەرقاڵی کارم. بە بۆنی ناخۆشی ماوسی کەمپیوتەرەکە دەکەم. سەیرێکی هاوکارە کوڕەکەم دەکەم، خەریکی پێڵاوەکانیەتی، لەپڕ دڵم تێکەڵ دێت. ڕادەکەم بۆ توالێتەکە و بەسەر دونیادا دەرشێمەوە. بەهاوکارە ژنەکانم دەڵێم، هیچ نییە، سەرمام بووە. وردە وردە هەست بە بۆنی ناخۆشی پیاوەکان دەکەم، هەرکات بە جۆرێک دەیانبینم، دەست بە دەممەوە دەگرم و ڕادەکەم. ڕقم لە بۆنی شێلمی کوڵاوە. قێزم لە پەڕی مریشک و کۆترەکان دەکەمەوە. هاوکارە ژنەکان دەڵێن:**

**خانمی چکۆلە، ڕەنگە تۆ دووگیان بیت.**

**چییی؟ ئەم وشانە دەموەستێنن، ئەم ڕستەیە تازەیە. چۆن دەکرێت من دووگیان بم؟** (ئەبوبەکر، ٢٠١٥، ٢٧ – ٢٨)

وەکو دەبینین، بە بیستنی ئەوەی کە لە لەوانەیە دووگیان بێت، تووشی شۆك دەبێت، چونکە ئەم خۆی زۆر منداڵ بووە کە شووی کردووە، بۆیە نە لە ڕووی دەروونییەوە ئامادەی ئەو پرۆسەیەیە و نە لە ڕووی فیکریی و عەقڵیشەوە، چونکە بە قسەی خۆی هێشتا ئەوەندە منداڵە دنیایەك پرسیاری هەیە و وەڵامیانی وەرنەگرتووە، کەچی ئێستا لە پڕێکدا ببێت بە دایك و خۆی وەڵامی منداڵ بداتەوە؟

**2. وێنەی ژن وەکو هاوژین**

لە ڕۆمـانی (شـــۆربای پێڵاو)دا، تانیـا میرزا، وێنەی ژنـان وەکو هـاوژین پێشـکەشـدەکات، بەڵام کام هاوژین؟ ئەوانەی کە بە هەر هۆیەك بێت دوور لە حەز و ئارەزوو و یستی خۆیان بە شـوو دەدرێن. (سـورمە)ی داماوی بێ باوك نەنکی بڕیار لەســەر چارەنووسی دەدات :**"با شـــوو بکات با بڕوات، هەتیون با دامەزرێن"** (میرزا، ٢٠١٥، ٥٩)، وەکو ئەوەی شـووکردن تاکە چارەسـەر بێت بۆ کێشـە و کەموکوڕییەکانی بێ باوکیی، بەڵام لە ڕاستییدا ئەو بڕیار و پەلەکردنەی نەنکی تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ناتوانێت بەرپرسـیارێتی تەواوی نەوەکەی هەڵبگرێت و ترسی ئەوەی هەیە کە نەبادا بە لاڕێدا بڕوات. بۆ گواستنەوەکەیشی-، سورمە لە کراسـێکی سـپی هەڵدەکێشـن کە وێڕای بچووککردنەوەشی هەر سـیای منداڵانەی سـورمەی نەشـاردۆتەوە، سـورمە لەناو ئەو کراسـە سـپییەدا بۆنی کۆمەڵێك شت و دیاردەی قێزەون دەکات :**"بۆنی کراسـە سپیەکەی سورمە ئەو ناوەی تەنیبوو. بۆنی ژنێکی لێدەهات، کە بە زۆرو بە بێ پرسی خۆی کرابێتە ژن،**

**بۆنی ژنێکی لێدەهات کە بۆ دامرکاندنەوەی هەوەسی براکەی خۆی هاویشـتبێتە ژێر پیاوێکی پیرەوە، بۆنی ژنێکی لێدەهات کە تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو پیاوەی لە زانستگە دواندووە و دووجار چونەتە کۆڕی شیعری و سەیری شانۆ، بە زۆر بە شـویان داوە، بە بیانووی ئەوەی شـەڕەفیان چووە. کاتێک زاوا دێتە لای بۆ خۆشەویستە راستییەکەی خۆی دەگری، ئەم کراسە بۆنی ژنێک دەدات، کە بە زۆر دەیکەن... چ بێزارکەرە ئەم بۆنە، خودایە. بۆنی بووکێـک دەدات، زاواکە پـاش ئەوەی دەیکات، خوێنەکەی دەبینێـت، وەک گەمـاڵ لە تەنیشـتییەوە رادەکشـێت، تا بەیانی جوڵەی لێوە نایەت، بۆنی یەک و دوو و دە ژن نادات نەخێر... بۆنی هەزاران ژن دەدات. بۆنی هەناسـەی ساردی ژنێک دەدات کە بە بیانووی ئەوەی کراسی سـپی دەسـتوری ئەوروپا و کافرەکانە، بواریان نەداوە بیپۆشـێت** (میرزا، ٢٠١٥، ٥٩ – ٦٠). لەرێی ئەم وێنانەوە کە نووسـەر لە رێگای بۆنی کراسی سپی بووکێنییەوە باسیان دەکات، دەیەوێت پێمان بڵێ کە بە شـوودانی کچ دوور لە خواسـتی خۆی و لەبەرکردنی کراسی سـپی کە خەون و ئـاواتی هەموو کچێکە، دەبێـت بە مۆتەیەك و ئەنجـامەکانی هەرگیز باش نابن، هەربۆیە ئەو ترسـەی کە نەنکی سـورمە هەیەتی، دێتەدی و سـورمە بە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ مێردەکەیـدا ناگونجێـت و هەر لە رقی مێردەکەی ناپـاکیی لە مێردەکەی دەکات و ئەنجام جیادەبێتەوە و بەرەو هەندەران دەڕوات. ئێسـتاتیکای ئەم دەقە لەوەدایە کە نووسـەر هەموو ئەم رووداوانەی سورمە وەك فلاشـباگێك دەگێڕێتەوە، ئەویش دوای گەیشتنێتی بە ئەوروپا و وەکو کەیسێك دۆخی خۆی بۆ ئەو لێکۆڵەرە باسدەکات کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکات.

لە ڕۆمانی (**کوڕی ژێرچەترەکە**)ی (**ڕازاو غەفوور**)یشدا **(بنار)** کە کارەکتەری سەرەکی ناوڕۆمانەکەیە، هەموو ژیانی بریتییە لە رووداوی ناخۆش و کارەسات و دەردەسەری، سەرەتاکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خێزانەکەی رازی نابە شوو بە خۆشەویستەکەی بکات، دواتر شوو بە (چالاك) ناوێك دەکات کە هاوڕێی براکەی خۆی بووە. ئەم چالاکەش وەکو هەر پیاوێکی رۆژهەڵاتیی پڕ لە گرێی دەروونیی، لەکاتێکدا بە تەواوی چیرۆکی خۆشەویستییەکەی (بنار) دەزانێت، لە بری ئەوەی کە هاوکارییبکات خۆی دەیخوازێت، کە خۆیشی دەیخوازێت وێڕای خۆشەویستییەکەی بۆ (بنار) بەڵام هەموو ژیانی وێران دەکات لەبەر ئەوەی بە عەقڵی خۆی (بنار) پێشینەیەکی خراپی هەیە کە مەبەستی لە خۆشەویستییە بێگەردەکەیەتی لەگەڵ ئەو کوڕەی کە خێزانەکەی نەیانداپێی. واتە بە هەموو شێوەیەك تۆڵە لە بنار دەکاتەوە. خۆیشی کوڕێکی مەشروب خۆر و قومارچییە و لە ئەوروپاش لە بری هەموو کرایێك و خەمخواردنێکی بۆ خێزان و منداڵەکانی هەر خەریکیی خواردنەوە و قومارکردنە، وەکو لەم وێنەیەدا شیلانی هاوڕێی بنار بۆمان دەگێڕێتەوە:

**"... دوای چەند ڕۆژێک، کە گەڕامەوە لەسەفەر، ڕۆیشتم بۆ لای بنار بۆی باس کردم، کە مێردەکەی شەوێک بە سەرخۆشی هاتبووەوە. هەر ئەو شەوە پارەیەکی زۆری لە کازینۆ بە یاریی قومار دۆڕاندبوو. بناریش پێی وتبوو :ـ ئەو پارەیەی، کە لەوێ دۆڕانت باشتر بوو بۆ خۆمانی سەرف بکەیت. هەر ئەو شەوە داوای لێ کردبوو کە ئیتر واز لەقومارکردن بهێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کابرا تەواو سەرخۆش بوو. زۆر خەفەتباریش بوو بۆ پارەکەی، پەلاماری بناری دابوو، زۆری لێدابوو. ئەمیش لەتاو ئازاری لەش و گیانی، چنگێک حەبی خواردبوو بۆ ئەوەی بە تەواوی رزگاری بێت لەو ژیانە ناخۆشەی کەهەیبوو..." (غەفوور، ٢٠٢٠، ١٨ - ١٩). کەواتە، بنار قوربانیی هەڵە و عەقڵییەتی دواکەوتووی خێزانەکەی بووە و ژیانی بەم شێوەیە بووە بە دۆزەخ.**

**(ئەژین عەبدولخالق)**، لەڕۆمانی **(ژنەکان وڵاتیان نیە)**دا، لە دیدێکی دیکەوە وێنەی ژنێکمان پیشاندەدات کە قوربانی دنیابینیی نادروستی خۆیی و هاوسەرەکەیەتی. هەرچەندە هیچ کەسێك و لە هیچ کاتێکدا گەرەنتی چۆنیەتی ژیانی دوای هاوسەرگیریی ناکات، بەڵام لێرەدا بەڵام لێرەدا رۆماننووس وێنەی ژنێکمان پیشاندەدات کە پێش هاوسەرگێری تەنیا پەیوەندی هاوڕێیەتیی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا هەبووە، هاوڕێیەتییەکی زۆر پتەو، بەڵام دیارە کە مەرج نییە دوو هاوڕێ ببنە دوو هاوسەری گونجاو، وەکو چۆن دوو خۆشەویستییش هەر مەرج نییە دوو هاوسەری گونجاو دەرچن. بۆیە کە هاوسەرگیریی دەکەن، بە تایبەتیی ژنەکە، وەکو هاوسەرێك ئاسوودە نییە و تەنانەت لە کاتی پرۆسەی سێکسییشدا ناتوانێت سەیری مێردەکەی بکات، چونکە پێیوایە کە ئەمان تەنیا بە کەڵکی هاوڕێیەتیی دێن نەك ژن و مێردایەتیی.

**"... ساڵێک پێش ئەو سەفەرەم بوو. من چاوم داخستبوو و قاچم کراوە، هەناسەم ڕاگرتبوو بۆ ئەوەی بۆنی نەکەم. خوێنم وەک گەرم داهاتبوو، گڵۆپی ژوورەکەمانم کوژاندبووەوە، دەستم لەسەر سووچی چرپاکەبوو، ئەویش خەریکی تەکان بوو. هێندە ڕۆمانسییانە تەکانی دەدا وەک ئەوەی ئەکتەری فلیمێکی ڕۆمانسی بێت. زۆر بەنەرمی وتی: توخوا چاوت بکەوە و تەماشام بکە. منیش بەزۆر کردن لەخۆم چاوم کردەوە، بەڵام کە ئەوم بینی دامە قوڵپی گریان. گریان بۆ پەیوەندییەک کە نەدەبوو دروست ببێت. ئێمە دوو هاوڕێی جوان بووین، نەدەبوو ببین بەژن و مێرد. ئەویش وەک پیاوێکی زۆر پڕ هەڵوێست لەسەرم لا کەوت و جارێکی تر نەهاتەوە. بەهیچ شێوەیەکیش داوای خەوتن و سێکسی لێم نەکردەوە و هەوڵی بۆ نەدا ..." (عەبدولخالق، ٢٠٢٠، ١١٧)**. وەکو دەبینین ئەوە تەنیا قەناعەتی ژنەکەیە کە تەنیا بۆ هاوڕێیەتیی دەبن. بۆیە پیاوەکەش لێرەدا بووە بە قوربانیی و لە هەڵوێستی ژنەکەی تێدەگات و بە هیچ شێوەیەك جارێکی تر سێکیی لەگەڵ ناکاتەوە کە مافێکی رەوای خۆیەتی.

### 3. وێنەی ژن وەکو خوشك

لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەمیشە خوشک بە تایبەتییش خوشکی گەورە، بە دایکی دووەم دادەنرێت لە دڵسـۆزی بۆ ئەوانی تر، وێنەی خوشـک لەم ڕۆمانە دەرونی خوێنەر ماندوو دەکات لە نیشـاندانی وێنەی کچێکی بچوک (سـەراب) و بریەکی بچووکی (یوسـف) کە دایکیـان نەمـاوە و لەگەڵ باوک و باوەژنیـانـدا ژیان دەگوزەرێنن، باوکیـان لە ژێر کاریگەریی باوەژنیـان کە ژنێکی زۆر خراپ و بێ رەحمە، سـتەمی زۆر لە منداڵەکانی دەکات بە تایبەتییش (سـەراب) کە کچێکی

هەرزەكارە و بە بیانووی ئەوەی كە لە ڕێگای قوتابخانە فێری شتی خراپ دەبێت، دەریدەكات، كەچی لە كارگەیەك دایدەمەزرێنێت بۆ قاپ شوشتن و لەوێ بەڕێوبەرەكە چەندین جار هەوڵدەدات دەستدرێژی بكاتە سەری. (سەراب هەر لەبەر خاتری (یوسف)ی برای بەرگەی هەموو ئەو نەهامەتییانە دەگرێت لە یەك كاتدا وێڕای خوشكایەتیی، دەبێت بە دایك و باوك بۆ براكەی و هەمیشە هانیدەدات بخوێنێت و بڕوانامەیەك بەدەست بێنێت تاكو دەروویەكی خێریان لێ بكرێتەوە و لەو دۆزەخەی ماڵەوە رزگاریان بێت.

**سەراب ڕۆژێ لە كار گەڕایەوە، یوسف وەكو هەموو ڕۆژێ بە پیریەوە هات، ئەمیش نوقڵێكی لەدەمی دەنا، باوەشی لێ وەرهێنا و بۆنی كرد. ئەو بۆنی دایكی لێ دەهات. تاقە كەسێک بوو لەو ماڵەدا ئاسوودەیی بەڕۆحی دەبەخشی. لە نیگاكانیدا هەستی بەو سۆزە بێهاوتایە دەكرد، كە لێی بێبەش ببوو. مرۆڤ تا ئەو سۆزە ون نەكات قەدری نازانێت. هەینێ لە شەكەتیدا هەڵاژیا، یوسف دەستی لە ملی ئاڵاند و بە كوردی بەگوێچكەیدا چرپاندی و گوتی: دادە گیان تۆ چەند جوانی! بۆنیشت وەكو بۆنی نوقڵ وایە، زۆر خۆشە."**

**سەراب وێڕای ئەوەی بەو دەربڕینەی یوسف زۆر دڵخۆش بوو، پێكەنی و توند لەباوەشی گرت، یوسف لەسەر قسەكەی بەردەوام بوو "ئەم ماڵە بێ تۆ گەلێک ناخۆشە، دۆزەخە دۆزەخ، من حەز ناكەم یەک چركەش جێم بهێڵی، گەرەكم نییە بە تەنێ بۆ خوێندنگە بڕۆم، كاتێ تۆ و باوكیشم لە ماڵێدا نین باجی ناهێڵێت لەتەک هاوەڵەكانم یاری بكەم. سەراب دەستی لەسەر دەمی دانا و گوتی "وس بە وس! هەرگیز قسەی وا نەكەی ها! نەڵێی بۆ خوێندنگە ناڕۆم، بە هەزار حاڵ بە پێنج ساڵی لە مەكتەبم دانای، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت ماوەیەک لەم ماڵە دوور بكەویتەوە. قوربانت بم لەوێ فێری خوێندن و نووسین دەبیت، چاوت دەكرێتەوە و هزرت ڕووناک دەبێتەوە، ئەوە نیعمەتی خوایە، من زوو لێی بێبەش كرام، تۆ خۆت لێی بێبەش مەكە، باش، حاڵی بووی چی ئێژم؟ گشت كەسەكەم، من لەبەر خاتری تۆ ئەم دۆزەخە دەچێژم. دەبێت بخوێنیت و خوێندن تەواو بكەی، بەڵكو ئەمە خوایە دەروویەكی بەخێرمان لێ بكرێتەوە و لەم ژیانە ناخۆشە ڕزگارمان بێت"** (شوانی، ٢٠١٨، ٤٩ - ٥٠)

هەمان وێنە لە لە ڕۆمانی **(یادداشتی عەتر و ئاگر)**ی **(بەیان سەلمان)**دا دەبینین، بەڵام لێرەدا قوربانیی نییە، بەڵكو راگر و ستوونیی هەموو خێزانەكەیە.

**-"...... باجە بە هێمنیی سروشتی، بەوەی شووی نەكردبوو و ئەوان ماڵ و منداڵی خۆیان هەبوو، دەیزانی چۆن ژنەكان لە یەک نزیک بكاتەوە و كەسیشیان بەریەک نەكەون. هەرچی بڕیار بوو هاتە دەستی ئەو، لەبەر هێوری و لەسەرخۆیی براكانیشی بەردەوام پرسیان پێ دەكرد، دەوڵەوتیش پشتوپەنای بوو، ئەو ژنە بۆ ئەو پارێزەری سەرجەمی نهێنییەكانی باجە و بنەماڵەكەش بوو (سەلمان، ٢٠١٨، ٧٦).**

ئەم كەسێتییە بەهێزەی (باجە) هەروا لە خۆڕا دورست نەبووە، بەڵكو سەرچاوەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە لە خێزانێكی رۆشنبیر و كورد پەروەر لەدایكبووە و پەروەردە بووە، لەناو ئەم خێزانەدا باوكسالاریی بە هیچ شێوەیەك لە ئارادا نەبووە، خوشك و براكان هەموو یەك پێگەیان لەناو خێزانەكەدا هەبووە، تەنانەت وەكو (باجە) خۆی دەڵێت **:"كەس بەختی وەك من نەبوو، دایك و باوكی وەها خۆشیان بوێت، ئەو خۆشەویستییەی ئەوان هەتا مردنم بۆیان پاشەكەوت كردووم" (سەلمان، ٢٠١٨، ٨٥).** ئەم خۆشەویستییە دەبێتە پەیێنێك و رەگی (باجە) لەناو خێزانەكەدا بە شێوەیەك توند و تۆڵ دەكات كە هیچ كەسێك نەك هەر ناتوانێت خۆی لە ژیانیدا هەڵقورتێنێت، بگرە خوشك و براكانی بەبێ پرسی ئەو هیچ كارێكیان بۆ خۆیان نەكردووە. بەڵام (باجە) هەرگیز ئەو شكۆ و خۆشەویستیی و متمانە و دەستەڵاتەی بۆ خۆی نەقۆزتووەتەوە و ستەمی لە كەسیان نەكردووە، بە پێچەوانەوە، هەمیشە چەتری كۆكەرەوەی هەموو خوشك و براكانی بووە و هەوڵیداوە كە دووربن لە كێشە و ئاڵۆزیی.

لە ڕۆمانی **(پریاسكە)**ی **(دڵخوازتۆفیق كریم)**یشدا، **(ئاشتی)** ڕۆڵی خوشكێكی دڵسۆز و كۆڵنەدەر دەبینێت بۆ (ئازاد)ی برای. دایك و باوكی لە زیندانەكانی بەعسدا چارەنووسیان نادیارە و (ئازاد)یش لە شاخدا پێشمەرگەیە، لەم دۆخە سەخت و نالەبارەدا، وێڕای گەڕان و سۆاخكردنی دایك و باوكی، خەمی (ئازاد)یش دەخوات. چونكە (ئازاد) خۆشەویستێكی هەیە لە شار بە ناوی (كوردە)وە، جارێكیش بە ئیختیفا لە ماڵی كورد ماوەتەوە, بەڵام ئیتر لە پاراستنی گیانیان ناتوانێت سەردانیان بكاتەوە، ناچار ئەو كارە بە (ئاشتی دەسپێرێت و ئەویش دەگەڕێت بە دوای ماڵیاندا و ژیانی خۆی دەخاتە خەتەرەوە، چونكە لەو سەردەمەدا كەس متمانەی بە كەس نەبووە، دواجار ماڵیان دەبینێتەوە و پەیامەكانی (ئازاد)ی برای دەگەیەنێت بە (كوردە) و دایكی كوردە، دەشبێت بە هاوڕێیەكی دڵسۆزی كوردە و هەموو هەوڵێكی دەخاتەگەڕ تاكو (ئازاد و كوردە) زەماوەند دەكەن و بە یەك دەگەن. نووسەر بە وردی دیمەنی یەكترناسینی (ئاشتی) لەگەڵ (كوردە و گەلاوێژی دایكی)دا دەخاتەڕوو:

**دەوروبەری نیوەڕۆ بوو .. لە دەرگا درا .. گەلاوێژ دەرگاكەی كردەوە و بینی كچێك بوو .. فەرموو لێكرد تا بزانێت مەبەستی لەدەرگادانەكەی چییە؟**

**كچەكە: من ناوم ئاشتیە.. خوشكی ئازادم.. ئەو كوڕەی چەند مانگێک لەو ماڵە یارمەتی دراو پارێزرا.**

**گەلاوێژ: ئازاد كێیە ؟!.. یارمەتی چی!.. تۆ باسی چی دەكەیت؟.. من ئاگاداری شتی لەو جۆرە نیم.**

**لەو كاتەدا كوردەش بەرەو دەرگای حەوشە دەهات، بەخێرهاتنی كچەكەی كرد، گەلاوێژ لە ترسدا كچەكەی پاڵ پێوە دەنا تا بڕوات. بەڵام كچەكە هەر كۆڵی نەدا و سەیرێكی كوردەی كرد و، وتی:**

**⋆ كوردەخان ئازادی برام زۆر ئەحواڵی تەندروستیت دەپرسێت.. بۆ ئەوەی بڕوام پێبكەن نهێنی و بەڵگەی ڕاستم لایە.. ئەو دۆشەكەی كە ئازاد لە مابەیندا خۆی**

**حەشـاردابوو، لە ژووره گەورەکەیە، ڕەنگەکەی سـەوزی کاڵە و گوڵی سـورو زەردی وردی تێدایە، چەند بەڵگەیەکی تریش هەن.**

**گەلاوێژ: راسـت دەکەیت.. دە وەرە ژووریٚ.. شـێوەت لە ئازاد دەکات.. بەڵام بارودۆخی ڕۆژگار هێندە خراپ و ئاڵۆزە، سڵ لە سێبەری خۆشمان دەکەینەوە.**

**ئاشـتی: نا.. نا.. نابێت ئێجگار وا بێ بڕوا بن خەڵکی باش هێشـتا زۆرن. (کریم، ٢٠٠٨، ١٤٢ – ١٤٣).**

**دووەم: وێنەی ژن لە دەرەوەی سنووری خێزاندا**

1. **وێنەی ژن وەکو داپیره (نەنك)**

داپیره یەکێکە لە ئەندامە هەرە خۆشـەویسـتەکانی ماڵ بۆ نەوەکانی. لە **ڕۆمانی (ئازارەکانی ئەودیو زیندان)**ی **(سـارا جعفر سـعید)دا، (دایە هەیبەت)** دوای روخاندن و سـوتاندنی گوندەکەیان و ئەنفالکردنی خەڵکەکەی، لە نوگرە سـەلمانەوە ئازاددەکرێت و وەکو خۆی دەڵێت **:"بە مۆجیزە گەڕاومەتەوە" (سـعید، ٢٠١٣، ٩٧)**، لە ماڵی **(میمکە حەبێ)** دەبێت. **(ئامانج)**یش کە کارەکتەری سـەرەکیی ڕۆمـانەکەیە و نەوەی **(دایە هەیبەت)**ە، کە هەواڵی ئـازادبوون و گەڕانەوەی داپیرەی دەبیسـتێت، بە ئیختیفا دێتەوە ناو شـار و سـەردانی داپیرەی دەکات لە مـاڵی **(میمکە حەبێ)**. لێرەدا (ئـامـانج) لە دوو دۆخی جیـاوازدا وێنەی **(دایە هەیبەت)**ی داپیرەیمان بۆ دەکێشـێت؛ جارێکیـان بە گەڕاندنەوەیەکی ناوەکیی (فلاشـباك) دەگەڕێتەوە بۆ رابردووی داپیرەی لە گوند و هەروەها کە خۆی لە زیندانە و هەفتانە داپیره هەیبەتی لەگەڵ دایکیدا سەردانیکردووە:

**"دەرگـای ژوورەکەی کردەوە دایە هەیبەت لە سـەروی ژوورەکەوە لەسـەر جێگایەك ڕاکشـابوو، کە بەو جۆرە بینیم وەك پەیکەر لە جێی خۆم بۆ ماوەیەك وشـك بووم، ئەو یەکێـك بوو لە ئـازاترین و بە ویقـارترین ژنەکانی دونیـا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان زۆربەی خەڵکی گوندەکە پونایان بۆ ئەو دەهێنا، هەموان بە بڕیارەکانی قایل بوون، هەفتانە کە لەگەڵ دایکم سـەردانی دەکردم، بوخچەکەی بۆ پڕ دەکردم لە میوەی تازە و خواردنی خۆش، کۆتا جاریش کە هـات بۆ لام نێرگزیشـیان هێنابوو گوتی: خۆم چووم قسـەم لەگەڵ مام عەلی دا کردوە، بەڵێنی داوە هەر کات ئازاد کرایت نێرگزت لێ مارە بکات. ئای........ ئای... چەند خۆش بوو ئەو ڕۆژانە !!!!!!" (سعید، ٢٠١٣، ٩٢).**

لێرەدا دەبینین کە دایە هەیبەت پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزی هەیە جێگای ڕێزی هەموانە و هەمیشە قسەکانی یەکلاکەرەوە بووە و جێگای مشتومڕ نەبووە. بەڵام دوای ئەوەی کە گوندەکەیان خاپوور دەکرێت و ئەنفال دەکرێن، بەهۆی ئەو دەرد و بەڵا و کارەسـاتانەی بەسـەریان دێت و هەمووی بە چاوەکانی خۆی دەبینێت، چیتر دایە هەیبەت ئەو ژنە بەهێزەی جـاران نابێـت و نابێتەوە، بە تەواوی تێکدەشکێت، ئاخر ئەو کارەساتانەی ئەم بە چاوەکانی خۆی بینیونی، بەرد دەکات بە ئاو، هەموو دڵێك بەرگەی ناگرێت. دوای ئەوەی کە ئامانج لێی دەپرسـێت بۆ وات لێ بەسەر هاتووە؟ لە وەڵامدا دەڵێت:

**"جا ڕۆڵە چیما بەسـەرمـانی نەهێنن؟ بەیانی یەك وەك شـارەمێلورە دابارین بەسـەرماندا و هەموومانیان لە گۆرەپانەکەدا کۆکردەوە، گەرەکیان بوو کە بەر لەوەی کە بمرین تاڵاوی غوربەتیش بچێژین، کەس ئـاگـای لە کەس نەمـابوو، ئەوانیش بەویسـتی خۆیان کەوتبونە جیاکردنەوەی گەنج و پیر و مناڵ، هەموان بە جۆرێك دەگریاین کە بەردی دەکرد بە ئاو. هەتا لە ئاوایی دورکەوتینەوە هەموومان چاومان لەسەر ئەو گوندە و یەکتری هەڵنەدەگیرا" (سعید، ٢٠١٣، ٩٣).**

کەواتە رووداوەکان، یان راستتر وایە بڵێین کارەساتەکان بوونە بە خاڵی وەرچەرخان لە ژیانی هەموان بە تایبەتییش لە ژیانی دایە هەیبەت، چونکە ئەو بە چاوی خۆی هەموو شـتێکی بینیوە، بۆیە دەبینین وێنەکانی دەرکەوتنی بە تەواوی جیاوازن، لە ژنێکی خۆڕاگر و جێگـای بڕوا و ئومێـدی هەموانەوە بۆ ژنێکی تێکشـاو کە چاوەڕوانی مەرگ دەکات.

2. **وێنەی ژن وەکو خەسوو**

ئەگەرچی هەموو کاتێك دەبیسـتین خەسـوو دایکی دووەمە، بەڵام هەمیشـە (خەسـوو) لەلای زۆربەی میللەتان (ئەگەر نەڵێین هەموو) رەهەندێکی نێگەتیفی هەیە بە تایبەتیش لە دیـدی ژنانەوە. لە ڕۆمـانی **(نزا یەسـتێره)ی (ڤینۆس فایەق)**یشـدا ئەم وێنەیەی خەسـوو بە ڕوونیی دەبینرێت. (نەجیبە) کوڕێکی هەیە بە ناوی (دڵشـاد)، پانزە سـاڵە لەگەڵ (نازەنین)ی هاوژینیدا زەماوەندیان کردووە بەڵام منداڵیان نەبووە، هۆی منداڵ نەبوونەکەش زیاتر لە لایەن (نازەنین)ەوەیە، بۆیە (نەجیبە)ش ئەمە دەکات بە بیـانوویەك تاکو وێنەیەکی راسـتەقینەی خەسوویەتیی خۆی پیشانبدات، ئەویش بە فشار خستنەسەر (دڵشاد)ی کوڕی بۆ هێنانی ژنی دووەم، بۆ ئەوەی منداڵی ببێت، ئەم پێشـنیارەشی چەندەها جار هەر بە مەبەسـت لەبەردەم (نازەنین) بۆ کوڕەکەی کردووە و تاکو هەسـتی بووکەکەی بریندار بکات **"... بۆچی ژن ناهینیتەوە؟! نازەنین تەڵاق مەدە، ژن، ژن ناخوات ... تۆش داوجار پیاویت و مافی ئەوەت هەیە، ببی بە باوک و شەرع رێگای پێداویت، ئەگەر هۆت بەدەسـتەوە بێت لە یەک زیاتر بهێنیتەوە، لەمە هۆ باشتر نابێت، خوا نەخواستە بۆ رابواردن و کەیف ژنی دووەم ناهێنیتەوە..." (فایەق، ٢٠٢٠، ٦١).**

خۆشـبەختانە کە (دڵشـاد) پیاوێکی ڕۆشـنبیر و تێگەیشـتووە و (نازەنین)ی زۆر خۆشدەوێت، بۆیە هەرگیز گوێ بە توانج و تانە و تەشەرەکانی دایکی نادات، هەر ئەمەشە وا لە (نازەنین) دەکات کە ئەویش بەرگەی توانجەکانی خەسووی بگرێت، ئەگەرچی لەناوەوەش بریـندار دەبێـت، چونکە (خەسـوو) بە تایبەتییش لە کۆمەڵگای تەقلییدا هەمیشە وەکو کارگەیەکی مناڵ خستنەوە سەیری ژن دەکات.

3. **وێنەی ژن وەکو پور**

لە ڕۆمانی **(پریاسكە)دا** پورە **(ئامینە)** وێنەیەكی میهرەبانانەی دایكانەیە بۆ **(كوردە)،** ئەگەرچی پوری خۆیشی ــ نییە بەڵكو پوری (بەكر)ی باوكیتی، بەڵام بە هۆی ئەوەی كە بەك باوكێكی سەرخۆش و بەدفەڕ بوو، هەمیشە لە خۆی و دایكی دەدا كە ناوی (گەلاوێژ)ە. زۆر شەو كە بەسەرخۆشیی دەهاتەوە ماڵەوە دەكەوتە گیانی گەلاوێژ و كوردە و لە كۆڵان هەموو خەڵكی دەهێنایە سەیرانیان، ئەوانیش جگە لە پورە ئامینە كەسی دیكە شك نابەن هانای بۆ بەرن، پورە ئامینەش كە هەر لە كۆڵانی خۆیان بوو، ژنێكی زۆر میهرەبان بوو، هەمیشە دەرگا و باوەشی خۆی بۆ ئاوەڵا دەكرن و دەیحەواندنەوە. گێڕەرەوە بەم شێوەیە پورە ئامینەمان پێ دەناسێنێت و وێنەی دەكێشێت:

**"پورە ئامینە، بێوەژنێكی پیری داخ لە دڵ و جەرگ سوتاو بوو، پوری بەكر بوو، ئەویش هەر لە هەمان كۆڵان دەژیا، ماڵەكەی یەكەم ماڵ بوو بە دەستی ڕاستی كۆڵانەكەدا كاتێ بچووینایە ناوەوە.**

**پورە ئامینە دوو ژوری دابوو بەكرێ بەو پارەیە دەژیا. جارجاریش ئەگەر پارەكە بەشی نەكردایە، لیفكەی دەچنی و دەیفرۆشت (...) زۆر جار لە پارەی لیفكەكان دیاری منداڵانی دەكڕی بۆ كوردە، بەرباخەڵی كەواكەی نوقڵی تێدەكرد، كە لە باوەشی گەلاوێژ دەبینی دیارییەكانی دەدایەو، دڵی كوردەی بۆلای خۆی ڕادەكێشا، تاوێک دەچووە باوەشی و بە دەستە بچكۆلەكانی نوقلەكانی لەبەر باخەڵەكەیدا دەردەهێنا، ئەو چركەساتانە دەبوونە خۆشترین كاتی پورە ئامینە، پورە ئامینە كاتی خۆی تاكە كوڕێكی هەبووە، ئەویش شۆڕشگێڕ بووە، لە یەكێک لە شۆڕشەكانی میللەتەكەی شەهید بووە، وێنەی كوڕەكەی گەورە كردبوو، لە ژووری دانیشتنەكەی هەڵیواسیبوو، هەمیشە قسەی لەگەڵ دەكرد، (...) هەندێک سەرلە ئێواران كاتێک بەكر شەڕی لەگەڵ گەلاوێژدا دەكرد، تا كۆڵانیش دوایی دەكەوت و بە پاڵ كوردەشی دەكردە دەرەوە، شەڕ دەبردرایە كۆڵان بەو ئێوارەیە خۆی و ژن و منداڵی، دەبوونە فیلمێكی كۆمیدی بۆ خەڵكی كۆڵان و گەڕەكەكە، زۆر جار خەڵكانیش دەكەوتنە ناوبژی و بەكریان دەكردەوە بە ژووردا، گەلاوێژ و كوردە ئەو شەوانە لە ماڵی پورە ئامینە دەمانەوە..." (كریم، ٢٠٠٨، ١٣ - ١٢).**

**4. وێنەی ژن وەكو خاڵۆژن**

لە ڕۆمانی **(ژنەكان وڵاتیان نیە)دا، (ئەژین عەبدولخالق)** لەسەر زاری (خەجە خەیاڵاویی)یەوە وێنەی گێلاسی خاڵۆژنمان پیشاندەدات. نووسەر لە پیشاندانی ئەم وێنەیە كە وێنەیەكی كۆمیدیشە، زیاتر دەیەوێت ڕەخنە لە دنیابینی ژنانی كورد بگرێت، چونكە لێرەدا گێلاس هەر خاڵۆژنی خەجە نییە ، بەڵكو خاڵۆژنێكی كوردییە، كە چەندین ساڵە لە ئەوروپا دەژی بەڵام هیچ گۆڕانێك بەسەر دنیابینییدا نەهاتووە نە لە ڕووی جلوبەرگەوە و نە لەڕووی بایەخدان بە ڕێك ڕاگرتنی لەشولاری، لە كوردستان ژۆن ژیاوە، لە ئەوروپاش هەروا دەژی، بۆیە دوای ئەوەی كە خەجە دەگاتە ئەوروپا بۆ لایان و ڕۆژی دواتر دەیەوێ بچێت بۆ دیسكۆ، خاڵی و خاڵۆژنی تووشی شۆكدەبن، ناچار خاڵۆژنی دەڵێ منیش لەگەڵت دێم، لێرەوەیە خەجە پچكەنینی بەو حاڵەی خاڵۆژنی دێ و وێنەی لەشولاریمان بە شێوەیەكی كۆمیدییانە پیشاندەدات كە گوزارشتە لە عەقڵییەتی خاڵۆژنی:

**خاڵۆژنم چەقۆت لێ دابووایە خوێنی لێ نەدەهات. وتی:"منیش دێم". بە ڕانە ئەستوور و قینگە زلەكەی كە لە زۆربەی ژنە كوردەكانی تر دەچێت و دوای تەمەنی سی ساڵی، ئەو فۆرمە ناتەندروستە وەردەگرن و لە سی و چل ساڵیی تەمەنیان قینگێک دو سێ هێندە قەبارەی قینگی تەمەنی بیست ساڵییان زل دەبێت و سكیان وەک ئەوەیە، دووانەیەكی مردووی لەنێودا جێ مابێت، یا مەنجەڵێک یاپراخت هەر بە زۆر خستبێتە ناوی. پشتیشیان چەند قاتێک گۆشت و بەزی زیادە بەسەر یەكدا شۆڕبۆتەوە. هەندێک جار خەتی ستیانەكانیان دەبینی، كە خەریكە لە بەریاندا بتەقێت، تەنگەنەفەس دەبێت و بیر لەوە دەكەیتەوە ئەو مرۆڤانە چۆن هەناسەیان بۆ دەدرێت" ( عەبدولخالق، ٢٠٢٠، ٢٨ - ٢٩).**

**5. وێنەی ژن وەكو هاوڕێ**

پێشتر باسی (سەراب)مان كرد لە ڕۆمانی**( ڕۆژ لێرەوە هەڵدێت)ی (ڕوناک شوانی)** كە لەگەڵ (یوسف)ی برایدا قوربانی دەستی باوكیان بون بە هاندانی باوەژنە دڕندنەكەیان. جا بە هۆی ئەو دۆخە دەروونییە نائارامەوە، شەوێك (سەراب) خەونێكی ناخۆش دەبینێت و تەواوی شەوەكە ئیتر لە ترسا خەو ناچێتەوە چاوی. سبەینێش كە دەچێتە سەر كار ترس و نائارامیی هەر پێوە دیارە. بۆیە (وەفا)ی دەستە خوشكی كە هاوڕێیەكی زۆر نزیك و دڵسۆزی دەبێت هەستی پێدەكات و دوای ئەوەی هۆكاری بێ ئۆقرەییەكەی دەزانێت، وێڕای ئەوەی كە خۆیشی ــ دەرد و بەڵای كەم نییە بەڵام دڵنەواییەكی زۆری دەكات **:"بێقەزابی، ژیانی ڕۆژانەمان هەمووی ناخۆشییە، ڕوو لە كوێ دەكەین هەر خەمە، بەتەمای شەوانە خەونی خۆش ببینین؟ بەخوا تۆش سەیری! دەی بۆم بگێڕەوە. خەونت بە كام كوڕی قۆزەوە بینی؟**

**سەراب : زەردەخەنەیەكی هاتێ و گوتی: "دە توخوا تۆش وازم لێ بێنە، قسەی قۆڕ مەكە، كوڕی چی و حاڵی چی! بۆ من لەبەر دەردی خۆم ئاگام لە كەس هەیە! خۆت گوتەنی، هەریەكەمان گیرۆدەی هەزاران دەردین، هەندێكیان هەمیشەیین و لەتەكیان ڕاهاتووین، لێ بڕێ جار دەورووبەرەكەت كێشەیەكت بۆ قوت دەكەنەوە نازانی چۆنی لێ دەرباز بی، ڕەنگە بێ ئەوەی بە خۆت بزانی داوێكت بۆ بنێنەوە سەرلەبەری ژیانت بگۆرن وتۆش لە ئاستیدا دەستەوەستان بی و خۆت بەچارەنووسێكی نادیار بسپێری." (شوانی، ٢٠١٨، ٦٠)**

وەفا پشتگیریی تەواوی قسەكانی سەراب دەكات و زیاتریشی۔ بۆ شیدەكاتەوە، بەڵام دڵسۆزانە هانیدەدات كە پێویستە چۆك دانەدەین و بەهێزبین **"بۆیە دەبێت كەسایەتی خۆمان بەڕادەیەك بەهێز بكەین، بتوانین لەسەر پێی خۆمان رابوەستین، تاكو كەس زەفەرمان پێ نەبات. مرۆڤ دەتوانێت بە بڕوابەخۆبوون ببێتە بوونەوەرێكی هێندە بەهێز، كە دەوروبەر نەتوانن دەستەڵاتی خۆیان بەسەریدا بسەپێنن..." (شوانی، ٢٠١٨، ٦١)**

لەڕۆمانی **(كوڕی ژێرچەترەكە)**ی **(رازاو غەفوور)** نمونەی دوو هاوڕێی بەوەفا پیشاندەدات **(شیلان و بنار)**ن، كە هاوڕێیەتییەكی دورودرێژیان هەبووە و تا كۆتایی ڕۆمانەكەش هەر بەیەكەوە دەمێنەوە، لەبەرئەوەی(بنار) ژیانی پڕ لە

ناخۆشی و کارەسات بووە، ژیانی ویران بووە، زۆری دەرد و مەینەتی و ناخۆشی بینیوە، دڵسۆزیی و سەرسامیی شیلان بە بنار وای لێدەکات کە بیر لە نووسینەوەی بەسەرهاتەکانی ژیانی بکاتەوە، بۆیە داوای لێ دەکات، هاوکاری بکات بۆ ئەوەی هەموو ژیانی لە رۆمانێکدا بنووسێتەوە و بناریش بە داواکەی رازی دەبێت. شیلان بەم شێوەیە باس لە هاوڕێیەتیی و یەکترناسینی خۆی و بناری هاوڕێی دەکات:

**"... من و بنار نزیکەی بیست و چوار ساڵ بوو یەکترمان ئەناسی. هاوڕێ و خۆشەویستی یەکتر بووین. لەخوشک زیاتر بووین بۆ یەکتر. بەر لە بیست و چوار ساڵ، کاتێک گەیشتینە دورگەی گوام لە ئەمریکا. لەوێ بۆ یەکەم جار یەکترمان بینی و یەکترمان ناسی. هەر لەو کاتەوە بووین بە هاوڕێی یەکتر و لە یەکتر دانەبڕاین. ڕێکەوت وا بوو، هەردوو لامان بەر یەک ویلایەت بکەوین. بنار ئافرەتێکی زۆر سادە و لەسەرخۆ بوو. زیرەک، وریا، بەتوانا بوو. لە هەمووی گرنگتر حەزی بە هاوڕێیەتیی مرۆڤی بەتوانا و تێگەیشتوو ئەکرد. بنار هاوڕێی زۆر کەمی هەبوو. لە مرۆڤی درۆزن و دووڕوو خۆی دوورەپەرێز ئەگرت. ئافرەتێک بوو زۆر بڕوای بەخۆی هەبوو؛ قسەی لەجێی خۆی ئەکرد. لەبەر ئەو هۆیانە بە دەگمەن هاوڕێیەتی خەڵکی تری ئەکرد. هاوڕێکانی ئەبوایە وەکو خۆی خاوەن ویژدان بوونایە و راستگۆ بوونایە..." (غەفوور، ٢٠٢٠، ١٠ - ١١).** لە ڕێی ئەم وەسفەی کەسێتیی بنارەوە، شیلان ئەوەمان پیشاندەدات کە خۆی هەموو ئەو سیفەتە باشڵنەی تێدایە بۆیە بووە بە هاوڕێی بنار و تەنانەت دڵی خۆیشی بۆ بکاتەوە تاکو هەموو ژیانی بکات بە رۆمان.

## ئەنجامەکان

1. وێڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی بەرچاوی نووسەری ژنمان هەن، بەڵام بە گشتی لە رەخنەی ئەدەبیی کوردیدا، زاراوەی ئەدەبی ژنان، زاراوەیەکی پەسەند نییە و دانی پێدا نانرێت.
2. سەرهەڵدانی رۆمانی ژنانەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنێکی زۆر درەنگتر لە سەرهەڵدانی یەکەم رۆمانی کوردی، ئەگەرچی تا ئەو کاتەش رۆمانی کوردی بە گشتی ە رووی ژمارەوە زۆر نەبووە.
3. یەکەمین رۆمانی ژنانە ساڵی ١٩٨٥ لە لایەن گەلاوێژ ساڵح قەفتانەوە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە.
4. لە رۆمانی ژنانی کوردا، ژن لەناو سنووری خێزان و دەرەوەی خێزانیشدا، بەردەوام قوربانیی بووە چ بە ویستی خۆی لە پێناو نەتەوەکەی، یان بە بێ ویستی خۆی کاتێك دەبێت بە قوربانیی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی.
5. لە رۆمانی ژنانی کوردا، ژن وەکو دایك و نەنك و خوشك و هاورێ وێنەیەکی ئەرێنییان هەیە، بەڵام وەکو باوەژن و خەسوو و خاڵۆژن وێنەیەکی نەرێنییان هەیە.
6. هەموو ئەو وێنانەی ژنان بە ئەرێنیی و نەرێنییەوە، زادەی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردەوارین.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی

#### رۆمانەکان


- ئەبوبکر، کۆچەر، ٢٠١٥، هیچ - دانپێدانانەکانی دایکێک، چ١، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.
- سەعید، سارا جعفر، ٢٠١٣، ئازارەکانی ئەودیو زیندان، چاپەمەنی چوارچرا، سلێمانی.
- سەلمان، بەیان، ٢٠١٨، یاداشتی عەترو وئاگر، چ١، چاپخانەی ئەدێشە، سلێمانی.
- شوانی، رۆناك، ٢٠١٨، رۆژ لێرەوە هەڵدێت، چ١، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
- فایەق، ڤینۆس،٢٠٢٠، نزا ئەستێرە، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- عەبدولخالق، ئەژین،٢٠٢٠، ژنەکان وڵاتیان نیە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- عەلی، روخۆش، ٢٠١٤ ، زیوی بەیانی، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی.
- غەفوور، رازاو،٢٠٢٠، کوڕی ژێر چەترەکە، چ١، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- کەریم، دڵخواز تۆفیق، پریاسکە، چ١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.
- میرزا، تانیا، ٢٠١٥، شۆربای پێڵاو، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.


#### کتێب


- ئەحمەد زادە، هاشم، ٢٠١٢، زمان ئەدەب و ناسنامە. چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، ٢٠١٥، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، سلێمانی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- ئەلوەنی، نەجم، ٢٠١٧، تیۆری کۆمەڵناسی رۆمان، چ١، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- دەشتی، عوسمان، ٢٠٠٩، هێمن – دەربارەی ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی، چ٢، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
- صالح ، سازگار عەبدول، ٢٠١٩، فیمینزم و هاولاتیبوونی یەکسان. چ١، چاپخانەی کارۆ، سلیمانی.
- کەریم، ئازاد عەبدولواحید، ٢٠٠٥، سۆسیۆلۆجیای شیعری کوردی لە رووی پێوەرە ئاکارییەکانەوە – نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، چ١، بلاوکراوەکانی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- المساعد، نوره فرج، ٢٠٠٦، فێمینیزم - فیکر و رەوتەکانی، و. عەبدوللا تاهیر بەرزنجی، سلێمانی، چاخانەی یاد.
- وۆلف، ڤێرجینیا، ٢٠١٢، ژوورێک بۆ خۆت، و. نەشمیل کرمانج، چ١، هەولێر.
- هەژار، ١٣٨٤، هەنبانە بۆرینە، چ٤، تهران، انتشارت سروش.
- عومەر، موحسین ئەحمەد، ٢٠١٢، فەرهەنگی ئەدەبی، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی.

**نامەی ئەکادیمی**

- حەمەد، کانیاو رەحمان، ٢٠١٥، رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە رۆمانەکانی کەریم کاکەدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.
- رسول، سابیر، ٢٠١٠، دیاریدەی فیمینزم لە ئەدەبی چەند نوسەرێکی مێینەی کورد، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، سەڵاحەدین.
- ساڵح، ئاوارە کەمال، ٢٠١٠، رەخنەی کۆمەڵایەتیی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین.
- عەبدوڵا، ئەحمەد مەحمود، ٢٠١٦، شیعرەکانی سامی عەوداڵ لە روانگەی سۆسیۆلۆجییەوە، تێزی دکتۆرا، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
- عەولا، عەبدولا رەحمان، ٢٠١٩، کۆمەڵگە لە رۆمانی کوردیدا ١٩٦١ – ١٩٩١، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەدە، زانکۆی سەلاحەدین.
- کەریم، یوسف حەسەن، ٢٠١٢، رەهەندی کۆمەڵایەتی لە رۆمانەکانی عەتا نەهاییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین.
- ملا، فاطمة مراد، ٢٠١٥، گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە پێگەی ژن لە خێزانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، سەلاحەدین.
- مەولود، رێزان ساڵح، ٢٠٠٧. ئەندێشەی شیعری لە نێوان رێبازی کلاسیک و رۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خوارووودا، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی کۆیە.

**گۆڤار**

- سابیر، جەبار، ٢٠٠٨، ئەدەبیاتی ژنانە و پیاوانە، گ. (نەوشەفەق)، ژ. (٥٣)، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
- غەفووری، شۆڕش، ٢٠١١، دیدار لەگەڵ سارا عومەر، گ. (هەنار)، ژ. (٧٠)، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی.

**نامەی ئەلکترۆنی**

- نامەی ئەلکترۆنی کەریم پەڕەنگ بۆ توێژەر، رۆژی یەکشەممە ٢٠ / ٦ / ٢٠٢١.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

**کتێب**

- ابن منظور، 2008، لسان العرب، مج. 7، ط6، دار صادر، بيروت.
- جامبل، سارة، 2002، النسوية و ما بعد النسوية، ت: احمد الشامي، ط1، المجلس الاعلى للثقافة – المشروع القومي للترجمة، القاهرة.
- الحمداوي، جميل (٢٠١٤)، بلاغة الصورة الروائية او المشروع النقدي العربي الجديد، المغرب، مطبعة بني ازناسن سلا.
- راغب، نبيل، 2003، موسوعة النظريات الادبية، ط1، الشركة المصرية العالمية للنشر، القاهرة.
- رسول، محمد رسول، 2013، الانوثة الساردة – قراءة سيميائية في الرواية الخليجية، ط1، دار التنوير، بيروت.
- سعيد، خالدة، 1991، المرأة ، التحرر، الابداع، ط1، نشر الفنك، الدار البيضاء.
- سلدن، رامان، (1996)، النظرية الادبية المعاصرة، ت: سعيد الغانمي، ط1، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت.
- شعبان، بثينة، 1999، 100 عام من الرواية النسائية العربية، ط1، دار الاداب، بيروت.
- العيد، يمنى، 2011، الرواية العربية – المتخيل و بنيته الفنية، ط1، دار الفارابي، بيروت.
- الغذامي، عبدالله، 1997، المرأة واللغة، ط2، المركز الثقافي العربي، بيروت.
- كرام، زهور، ٢٠٠٤، السرد النسائي العربي - مقاربة في المفهوم والخطاب. ط١، شركة النشر والتوزيع – المدارس – الدار البيضاء.
- المناصرة، حسين، 2008، النسوية في الثقافة و الابداع، ط1، عالم الكتب الحديث، اربد – الاردن.

**نامەی ئەكاديمى**

- طيب، صبرينة، (2014)، اليات السرد في الرواية النسوية الجزائرية – دراسة بنيوية تحليلية، رسالة ماجستير، جامعة الحاج خضر، باتنة، الجزائر.
- بشيري، عبدالمجيد و ديقش، علي، 2018، صورة الوطن في رواية الوطن ليس هنا "مراد الضفري"، رسالة ماجستير، كلية الاداب واللغات، جامعة محمد بوضياف، المسيلة، الجزائر.
- دقعة، منال، ٢٠١٥، بلاغة الصورة الشعرية في ديوان اجراس الشجن لعمر طرافي، رسالة ماجستير، كلية الاداب واللغات، جامعة الشهيد حمه لخضر- الوادى، الجزائر.
- زقلي، مريم، 2014، الكتابة النسوية بين القضية و الجمالية – روايات سحر خليفة انموذجا – دراسة سوسيونفسية، رسالة ماجستير، كلية الاداب واللغات، جامعة محمد بوضياف بالمسيلة، الجزائر.
- كانش، بشيرة، 2016، صورة المرأة في الرواية النسوية الجزائرية المعاصرة – روايات ربيعة جلطي نموذجا، رسالة ماجستير، جامعة الشهيد حمه لخضر الوادي، الجزائر.
- كروش، فيروز، ٢٠١١، الصورة الشعرية في ديوان عاشق من فلسطين لمحمود درويش. رسالة ماجستير، كلية الاداب واللغات، جامعة منتوري – قسنطينة.

**گۆڤار**

- علميات، يوسف محمود، 2007، صورة المراة عند الشعراء العاليك في العصر الجاهلي، مجلة العلوم الانسانية، ع. (14) جامعة البحرين، المنامة.